# مێژووی

# حوکمدارانی بابان

## لە قەڵاچوالان

## تا دروستکردنی شاری سولەیمانی

١٦٦٩ – ١٧٨٤ زایینی

١٠٨٠ – ١١٩٩ کۆچی

هەواڵنامەی کتێب

نووسینی

تۆفیق قەفتان

# مێژووی حوکمدارانی بابان

# لە قەڵاچوالان

## تا دروستکردنی شاری سولەیمانی

**١٦٦٩ - ١٧٨٤ زایینی**

**١٠٨٠ - ١١٩٩ کۆچی**

هەواڵنامەی کتێب

نووسینی

**توفیق قەفتان**

پرۆژەی قەفتان

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە (٨)

- ناوی کتێب : مێژووی حوکمدارانی بـابـان

  لە قەڵاچولان تا دروستکردنی شاری سولەیمانی

- نووسەر : تۆفیق قەفتـان
- بابەت : مێژوویی
- دیزاینی ناوەرۆك : مەریوان قەفتـان
- دیزاینی بەرگ : ئارام عوسمان
- سەرپەرشتیاری چاپ : مەریوان قەفتـان
- تیراژ : ٥٠٠ دانە
- چاپخانە : ناوەندی سارا
- چاپی یەکەم : ساڵی ١٩٦٩
- نۆبەتی چاپ : دووەم چاپ ساڵی ٢٠١٩

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخـانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردن ( ١٩٨٣ ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە


هەواڵنامەی کتێب


تێچووی لەچاپدان بەسوپاسەوە

لەلایەن بەڕێز دکتـۆر "فەرەیدون قەفتـان"

٩٥٣,٠٩

ق ٩٤٣ قەفتان ، تۆفیق

مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان تا دروستکردنی شاری سولەیمانی .... / نووسینی تۆفیق قەفتان. ـ چ ٢. ـ سلێمانی: چاپخانەی ناوەندی سارا ، ٢٠١٩

١٤٠ ل ١٤,٨ سم X ٢١ سم

١. کوردستان - میر و فەرمانڕەواکان ٢. ئەمارەتی بابان

٣. سلێمانی- مێژوو ٤. ناونیشان

هەواڵنامەی کتێب

ئامادەکار و سەرپەرشتیاری چاپ

مەریوان قەفتان

لە بڵاوکراوەکانی

پڕۆژەی قەفتان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە - ( ٨ )

# میژووی

# حوکمدارانی بابان

له

# قەلاچوالان

تا دروست کردنی شاری سولەیمانی

١٠٨٠-١١٩٩ کۆچی ١٦٦٩-١٧٨٤ زاین

نوسینی

توفیق قەفتان

هەواڵنامەی کتێب

بەرگی چاپی یەکەم



**تۆفیق قەفتان**

**١٨؟؟ - ١٩٤٩**



**کاوس قەفتان**

**١٩٣٣ - ٢٠٠٩**

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| ١ | وتەیەك | ٨ |
| ٢ | دەستنووسی تۆفیق قەفتان | ٩ |
| ٣ | دەستنووسی تۆفیق قەفتان | ١٠ |
| ٤ | پێشەکی/ ئەم دەستنووسە د. کاوس قەفتان | ١١ |
| ٥ | بنەماڵەی بابان " کاکە شێخ" و " کاکە میر " | ١٥ |
| ٦ | فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە | ١٧ |
| ٧ | خان بداغی کوڕی فەقێ ئەحمەد | ٢٢ |
| ٨ | میر سلەیمانی کوڕی خان بداغ | ٢٦ |
| ٩ | تەیمور خان بەگ | ٤٢ |
| ١٠ | بەکر بەگ | ٤٣ |
| ١١ | ئیدارەی وەسی یان "موتەسەلیم" و "خانە بەگ" | ٤٥ |
| ١٢ | خالید پاشا | ٦٥ |
| ١٣ | سەلیم پاشا | ٧٨ |
| ١٤ | سلەیمان پاشای دووهەم | ٨١ |
| ١٥ | ناوەکانی دوانزە سوارەی مەریوان بە پێی نووسراوی پیرەمێرد | ٨٨ |
| ١٦ | میرە یەکلەدوا یەکەکانی میرنشینی بابان | ٨٩ |
| ١٧ | تأریخ حکام بابان من قەلاچوالان الی بناء السلیمانیة | ٩٣ |
| ١٨ | قائمە حکام أمارە بابان | ١٣٤ |

# وتەیەك

لەسەر پێشنیاری بەڕێز "د. فەرەیدون قەفتان"، پرۆژەی قەفتان، کتێبی (مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان تا دروستکردنی شاری سولەیمانی)، چاپکردەوە لە نووسینی "تۆفیق قەفتان"، کە پێشتر لە ساڵی **١٩٦٩** چاپکرابوو، تێچووی چاپی یەکەمی کتێبەکە لەلایەن خوالێخۆشبوو "فەهمی قەفتان **١٩١١-١٩٨٩**" (کوڕی تۆفیق قەفتان) بووە، لە (چاپەمەنی سیدیان مەهاباد) چاپکراوە،کتێبەکە بریتییە لە دەستنووسێکی "تۆفیق قەفتان" کە وێنەی دوو لاپەڕەی دەستنووسەکە هاوپێچە و خوالێخۆشبوو "دکتۆر کاوس قەفتان **١٩٣٣ - ٢٠٠٩**" (برازای تۆفیق قەفتان) لە چاپی یەکەمدا باسێکی لەسەر نووسیوە و ڕێنووس و داڕشتنەوەی زمانەوانی بۆگۆڕیوە بە پاساوی ئەوەی بە شێوازی ئاخاوتن و نووسینی کۆنی مەلا و پیاوانی ئایینی نووسراوەتەوە و تێگەیشتنی بۆ نەوەی ئەم سەردەمە نەگونجاوە.

جێی سەرنج و تێبینییە ، ئەم نووسینەی "تۆفیق قەفتان" بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ لەسەر میرنشینی بابان، هەروەها لە لایەن پارێزەر "شەعبان مزیری" کراوە بە زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامەی " ألتآخي " بڵاوکراوەتەوە و وەك خۆی هاوپێچی ئەم چاپەیە.

تۆفیق قەفتان لە سلێمانی لەدایکبووە و لە ساڵی **١٩٤٩**هەر لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

مەریوان قەفتان

وهم از اولاد قریقون است حالی دشته تال بوده است کافر بوده است سلطان عبدالله
به امام عمر رضی الله عنه از قتل کافی ریش او را به جهنم رسانیده آنوقت نواب تحولی ایشان
قبول گردانید پس از آن قبل تر قال سرکار نواب خان اسماعیل سلطان به عالیجناب ملا
باقر گفت که شما مدرس و مفتی این شهر هستی از برای خدا یک قباله و تاریخ خوب از زبان
قوم بانه که شاهد دادند و از زبان قوم و طایفه من برای ابراهیم بیگ که ولد میرزا
بیگ است از اولاد قریقون است و حیاوه و ده شوی که ملک اوست هرچه گفت آن
قوم با من کرده و گفته اند و من با اینها گفتم هر انبولی و عالیجناب مذبور امر فرمود
که موافق قول خان اسماعیل سلطان بنویسند معلوم است بعد از قریقون که به قتل رسانید پشته
یک پسر مانده بود خیلی صاحب شجاعت بوده آنوقت سلطان عبدالله پسر حاجی سید شیخ زاهد
علی بیگ نام نهاده و ولایت سیاوه و ده شوی را به او بخشیده و هم قوم بانه شاهد این قضیه
دادند که وقتی سلطان عبدالله ولایت بانه را گرفت و از کفر پاک کرده اندیشی همه ولایت
بانه به جوی حاکم زادگان بخشیده و به ملکیت و هم نذر او گردید چونکه سلطان عبدالله نام
جد این جنابان اختیار الدین نهاده اختیار الدین سبب جنگ کردن با اصحابان
که چون در این وقت طایفه حاکم زادگان هم حاضر مجلس بودند خان اسماعیل سلطان
فرمود به طایفه خود و شما هرچه حاضر مجلس بودند از خواص و عوام هرکس انی از طایفه من
حساب کند قریه سیاوه و ده شوی که ابراهیم بیگ قطع بکند نفرین خدا و رسول و امامان
و اصحابان بر او باشد نواب عالی طایفه خود فرمود معلوم بدانید سکوت شد در این
طایفه بدر برزرد چونکه سلطان عبدالله و جمیع صحابان برای اختیار الدین دعا فرموده
تا دنیا به آخر رسیده شود حکومت از اولاد اختیار الدین بدر بزرد انشاء الله تعالی
ابراهیم بیگ و پدر جدی او خیلی خاصیت بر سر حاکم زاده بودند و هم زیاد تر از قوم بانه

هەواڵنامەی کتێب

حدشکنه اتر بوده اند سبب آن بوده نواب عالی این قباله برای او نوشته اند سلطان
عبداله سیاوه منام زیاده خیلی سلطان عبداله با اصحابان ارشد قریقوان حاجر بودند
سیاوه یعنی رخنه بین که وقتی جنگ کرده و پیش من شب بود و هم نبوشه که نام زیاده
چونکه سلطان عبداله با اصحابان دو دفعه نماز در انجا کرده اند و دو دفعه جنگ با سلطان
عبداله کرده اند سیاوه منبوشه که از خریطه نواب عالی این نوشتیم بعد از نوشتن کلام
خان احمد سلطان از معقولان باز تقویت استغنا فرمود که باید سیاوه منبوشه
کلام است جوابش دادند که از طرف جنوب سیوه گرد خاوشان تا کتوبه بزرگ تا وارسی
عبداله تا کیله خاتون و از طرف کوه بلو کیله سی و از طرف قریه گلی تا آنجا که میره بگ
بقتل رسانیده اند و قول مرغ و از طرف قریه قاف بوده و از آنجا باید سیاوه منبوشه
کرد نشینا تا سرحد داری کاوره

له م آلی نم و نیفه و داده روه که وری حضرت عبداله گوری حضرت عومر رضی الله عنهم
بشیرینه آزادی و فوری اسلامیت لهم و لاته دا بلاو بوته وه مجالی دهسته تاله
له ژیر دستی قریقوان کافر دا بوده ئم دهسته تاله بیسهالی شرفی سلیمانیه لیلو قیم
~~بوغه~~ بو نشینه ها و حدودی قضا کشانه بازیرطوه تابیعی ناحیه ی
بانه و الیسا له ژیر دستی حکومتی ایرانداده حضرت عبداله گوری حضرت عومر
که قریقوان له گشت ژوری ئیسلامیتی له م ولاته دا بلاو کرده وه گوری قریقوان
قبولی ئیسلامیتی کرد و ناوی ناحاله ی جیی باوی به حاکمی داینا
زمانه له بر معاونت کردنیان بو مجاهدانی ئیسلام نه و ریان سعی بو کردون
~~ناوریان ناوریان~~ گه ورلی نیفه ناوریان ناو دون ضیاءالدین ئم ناوه به سلسله
بر ایل حاقونه خواره وه حماله ~~ت هو حیاناوریان~~ ده وین زه مانی قاجار
اسماعیل سلطان دوله و نیفه و احقی حاکمیتیان تصدیق کراوه

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی چاپی یەکەم

## (( ئەم دەستنووسە ))

**د. کاوس قەفتــان**

مێژووی گەلی کورد، وەك زەریایەك وایە هەرچەندە لێی هەڵێنجین تەواونابێت. ئەوەی تائەمڕۆش نووسراوەتەوە، بەدڵۆپێك ئەچێت لەو زەریایە دەرهاتبێ. جا هەرچەندە دەربارەی مێژووی گەلەکەمان بنووسین هێشتا کەمە. ڕەنگە هەبێت ، لەسەر ئەو ڕایە بێت کە نووسینەوەی مێژووی نوێمان کەڵکی زۆرترە ، بەڵام ئەبێ ئەوە لە یاد نەکەین ، کە مێژووی نوێمان لەسەرچاوەی مێژووی کۆنمانەوە هەڵقوڵاوە و لە مناڵدانی ئەو مێژووەوە هاتۆتەدەرێ. جا لەبەرئەمە پێویستی سەر شانی هەموو لایەکە ، وەك چۆن ڕوو ئەکەنە مێژووی نوێمان ، ئاوڕێ لە مێژووی ڕابوردوشمان بدەنەوە.

ئەم دەستنووسەی لەبەر دەستاندایە چمکێکی ئەو مێژووە کۆنەمانە ، و جێی شانازیی و سەربەرزیشمانە ، چونکە هەرچەندە لە سەرزارییا وا دەرئەکەوێت، کە مێژووی بنەماڵەی بابان، بریتی بووە لەکۆمەڵە شەڕ و شۆڕێکی ناوخۆ، بەڵام جارو بار ڕووخساری هەستی نەتەوایەتی بەرچاو ئەکەوێت و ئەبینین هەر ئەو هەستە چەند پاشا و میرێکی بابانی هانداوە هەوڵبدەن هەتا بتوانن

زۆربەی وولاّتی کوردەواری بخەنە ژێر دەسەلاّتی خۆیانەوە و لەژێر ئەو دەسەلاّتەدا یەکیانخەن. بەلاّم نەك هەر چاوچنۆکیی و بەدخویی خزم و کەسوکاری ئەو میرانە، بەڵکوو دەسیسە و فیت و فەنەری ئێران و دەوڵەتی عوسمانیش، ئەبووە کۆسپ لەڕێی هاتنەدی ئەو ئامانجە و پێکهاتنی ئەو یەکێتییە، چونکە ئەو دوو دەوڵەتە، ئەوەیان باش ئەزانی، کە لەو یەکێتییەدا تیاچوونی خۆیانی تێدایە. گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر ئامانجی ئەو یەکێتییە بهاتایە دی و سەری بگرتایە، مێژووی گەلی کورد لەو سەردەمە بەدواوە، تەواو ئەگۆڕاو شێوەیەکی تری وەرئەگرت.

ئەم دەستنووسەی لەبەردەستایە دەمێکە نووسراوەتەوە، واتە لە نێوان سالاّنی ( ١٩٣٠ - ١٩٤٠ ز ). وا خوا کردی و توانیمان، بیخەینە بەردەست، جا هەر خوا خۆی ئەزانێ، چەند دەستنووسی تر هەن لەبەر هەرچ هۆیەك بێت، ڕووناکییان هێشتا نەدیوە، یان ڕەنگە هەر فەوتابن، ئەمەش چ زیانێکی گەورەیە لێمان ئەکەوێت.

نازانم، ئەم نووسراوە مامم نووسیویێتی یان لە فارسییەوە وەری گێراوەتە سەر کوردی، زۆربەی ڕا لەسەر ئەوەیە کە لە فارسییەوە وەری گێڕاوە، بەلاّم بۆ داخی گران، ناوی کتێبەکە نازانم چییە. بەس ئەوە هەیە، کە بەراوردی ناوەڕۆکی ئەم دەستنووسە، لە زۆر

لا و شوێنا ئەکەم ، لەگەڵ ئەو شوێنانەی (ئەمین زەکی بەگ) سوودی لێ وەرگرتووە لە دەستنووسەکەی (حسین ناظم) بۆ نووسینەوەی مێژووی سلێمانی ، ئەبینم، تەواو لەیەك ئەکەن، بەڵام ئەوە هەیە کە دەستنووسە بەنرخەکەی (حسین ناظم) لە هەموو مێژووی بنەماڵەی بابان ئەدوێ، لە سەرەتای درووستبونییەوە هەتا ڕوخانی، کەچی ئەم دەستنووسە هەتا دروستبوونی شاری (سلێمانی) باس ئەکا، بگرە کەمتریش، چونکە لەپڕ لەدوای شەڕی دوانزە سوارەی مەریوان ئەوەستێ و تەواوی ناکات، لەوساشەوە هەتا دروستبوونی سلێمانی پتر لە ٢٥ ساڵ ئەخایەنێ ، لەم ماوەیەشدا، لەسەر شانۆی وولاتی بابان، گەلێك ڕووداو هات و گەلێك کارەسات ڕوویدا، تەنیا ڕوونکردنەوەش بۆ ئەم وەستانە کتوپڕییە و تەواونەکردنی دەست نووسەکە ئەوەیە، کە نووسەر یان بڵێین وەرگێڕ، لەبەر هەر هۆیەك بێ، وەستاوە و دوایی دەستی نەگەیشتووە، تەواوی بکات.

بێگومان نرخی ئەم دەستنووسە تەنیا لەوەدا نییە کە کۆنە، بەڵکوو لەوەشدایە، کە چەند دەکومێنتێکی تێدایە، لە لای مێژووناسەکان ڕەنگە شتێکی گرنگ بێت، وەکو ئەو نامەیەی (نادرشا) و (شێخ حەسەنی گڵەزەردە) بۆ یەکیان ناردووە. گرنگێتی دیسان لەوەشدایە،

که چەند وێنە و ڕوخسارێکی نوێمان، لە شێوەی گفتوگۆدا لە ژیان و کردەوە ، هەست و نەستی ئاینی و دنیایی، خووڕەوشتی گەورە پیاوانی بابان ئەداتێ، کە ئەشێ دواڕۆژ، بەکەڵکی ئەوە بێت، هێندەی تر ژیان و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و دڵ و دەرونی ئەوانەی چەرخی ڕووداوەکانیان ئەگێڕا ڕوونتر بکاتەوە.

ئەم دەستنووسە لەسەر شێوەی نووسینی کوردی کۆنە ، ئەو شێوە نووسینەی نەك ڕۆشنبیرانی کورد پێی ئەنووسی، بەڵکو مەلاو پیاوە ئاینییەکان پێیان ئەنووسی نوسراوەتەوە. وام بەسەردا هات، کە بلاْوکردنەوەی بەو شێوەیە، ڕەنگە گیرو گرفت بخاتە بەردەمی خوێنەر. لەبەرئەوە ناچار بووم، ناوەڕۆکی باسەکە بگرم و بەپێی توانا سەرلەنوێ دایڕێژمەوە. جا نازانم لەمەدا چاکم کرد یا نا ؟ وە هەر بۆ ئەوەی جۆری نووسینەکەی ئەو سەردەمە، بۆ دواڕۆژ بمێنێتەوە، وێنەی پەڕەیەکیم بە زەنگۆگراف خستە ناو کتێبەکەوە.

دوایی، هیوامە ئەم چەند پەڕەیە، سوودی خۆی بە میللەتەکەمان و مێژووەکەی بگەیەنێ ، جێگایەك لە نامەخانەی مێژوویی کوردیدا بگرێت، کە هەر خۆمان ئەزانین، چەند هەژارە.

**دوکتۆر کاوس قەفتان**

بەغدا نیسانی ۱۹٦۹

# بنەماڵەی بابان

بنەماڵەی بابان مێژوویان کۆن و دێرینە، ئەم مێژووە ئەگاتە سەرەتای سەدەی یانزەهەمی کۆچی / حەڤدەهەمی زایینی. هەتا سەرەتای ئەم سەدەیە دەسەلاتی ئەم بنەماڵەی بابانە نەکوژابۆوە، بەلام لەم سەردەمە بەدواوە کەوتە کوژانەوە [1] ، ئەمەش بەر زەمانی "کاکە شێخ"ی بەدبەخت کەوت لەگەڵ "کاکە میر" ی برایا بووە قوربانی تیغی نەفامیی. لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە کە باسمان کرد قەڵەمرەوەکەیان بووبوو بە دوو بەشەوە بەشی یەکەمیان ناوچەی (پشدەر) بوو کە بە دەست کاکە میرەوە بوو بەشەکەی تریشیان ناوچەی (مەرگە) بوو کە لە ژێر دەسەلاتی کاکە شێخا بوو. کاکە میر بە بەشەکەی خۆی ڕازی نەبوو ، بەڵکو چاوی بڕیبووە بەشەکەی کاکە شێخیش، و هەمیشە لە هەل ئەگەڕا کاکە شێخ بفەوتێنێ و سواری بەشەکەی ئەویش بێت . بۆ ئەم نیاز و مەبەسە هەستا هێزێکی چەکداری بە دزییەوە پێکهێنا. شەوێك لە ناکاودا دای بە سەر کاکە شێخدا خۆی و هەموو دەست و پێوەند و خێزانەکەی کوشتن ، لە ناو ئەمانە تەنها "دایکی فەقێ ئەحمد" کە هێشتا بەر مەمکانەبوو و "فەقێ ئەحمد" ڕزگاریان بوو، لە ناو ئەو کوشتارەدا ، خۆی دوور کرد و ڕای کرد. فەقێ ئەحمد کە تەنیاکوڕی کاکە شێخ بوو، وەکو

---

١ بێگومان نیاز لەمە تەنیا لەو ماوەیەیە هەتا سلەیمانی دروستکرا ، ئەگینا مێژووی بنەماڵەی بابان هەتا دوای بەشی دووهەمی سەدەی سیانزەهەم بەردەوام بوو. جا لە سەرەتای سەدەی یانزەهەمەوە بەپێچەوانەوە سەرەتای دامەزراندنی بنەماڵەی بابانە و نەك کوژاندنەوەی . (ك)

ووتمان هێشتا شیرەخۆرە بوو ، ئەو شەوی كارەساتە ، دایكی گرتییە باوەشی و بەو شەوە تاریكە كوڕەكەی نا بە سنگییەوە و دەربازی كرد.

دایكە ئەیویست ئەم كوڕە تاقانە ڕزگاركراوەی بەخێو بكات و لە شەڕ و فیت و فەنەری كاكە میر بیپارێزێ ، هەر لەو شەوە تاریك و نوتەكەدا، بە ترس و دڵی داخورپاوەوە ، بەڵام بە ئازایی و چالاكییەوە خۆی گەیاندە دێی (خدران) ، لەوێ چووە لای ناسیاوێكی خۆیان كە كوێخای ئەو دێ یە بوو ، كاكە شێخ كاتی خۆی چاكەی زۆری بەسەریەوە هەبوو. زۆر ڕێزی لێگرتن و بێ وەفایی لە ڕویانا پیشان نەدان ، بەڵكو بە قسە و بە كردەوە بۆی دەرخستن كەهەرچی لە تواناادا هەیە بۆ خزمەتكردنیان ئەیكا و كەمتەرخەمی لێوە ناوەشێتەوە. ئەم پیاوە بە چاوی پەناداری سەیری نەكردن، بەڵكو بە چاوی ئاغایەتی و نۆكەرایەتی تێی ئەڕوانین و لەبەر ئەوە بە دڵ و بە گیانەوە خزمەتی كردن. بەم جۆرە چەند ساڵێك بەسەردا ڕۆیشت و فەقێ ئەحمد تەمەنی گەیشتە هەشت ساڵان ، ئەوسا نایانە بەر خوێندن، لە خوێندندا زیرەكیی و فامیدەیی پیشاندا ، لە ماوەیەكی كورتدا فێری نووسین و خوێندنەوە بوو ، هەر لەبەر زیرەكیی و گوستاغیی و قسەزانینییەوە بوو ناویان نا (فەقێ ئەحمد). ★

★ سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەی زایینی كاتێك میر (بداغ–بۆداق) كە نازناوی (بەبە)ی هەبوو ئەم میرنشینەی دامەزراندووە "میر بداغ" لە ساڵی ١٥٠٠ز كۆچی دوایی كردووە. بەڵام مێژووی ڕوونی میرنشینەكە لە سەردەمی "فەقێ ئەحمەدی دارشمانە" دەردەكەوێت كە یەكێك بووە لە سەرۆك عەشیرەتەكانی ناوچەی پشدەر. **"شەرەفنامە"**

# فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە

فەقێ ئەحمد خاوەنی وجودێکی زۆر ڕەسا و ئەندامێکی زۆر ڕێکوپێك و شیرین بووە. زۆر بە هێز و ئازا بووە ، لە عیزەتی نەفس و عەزم و حلم و هەستی ئایین پەرستی پایەیەکی بەرزی هەبووە. بەکورتی، لاوێك بوو سیفات و خولقی زۆر بەرزی تیا کۆ بووبۆوە. فەقێ ئەحمد هەمیشە بیری لەو کارەساتە ئەکردەوە کە بەسەر باوکی و خێزانەکەیا هاتبوو، هەست و هۆشی هەمیشە لای ئەوەبوو ڕۆژێك بێت تۆڵەی خۆی بسێنێتەوە و مافی خۆی وەرگرێت. بەڵام دوژمنەکەی کە کاکەمیری مامی بوو ، دوژمنێکی بەدەسەڵات و دڵڕەق بوو ئەمیش بێدەسەڵات بوو ، بەڵام هەمیشە چاوی لەو ڕۆژ و هەلەوە بوو کە تۆڵەی خۆی تێدا بسێنێ ، ئەم هەلەش لەگەڵ ڕۆژاندا خۆی هاتە بەردەستی.

ئەم هەلە لەوەدا بوو فەقێ ئەحمد کۆمەڵێ لاوی ئازا و بەجەرگ و موخلیسی کۆ کردەوە ، بەدزییەوە و لەناکاودا دای بەسەر ماڵی مامیا، زۆر بە ئاسانی بەسەریانا زاڵ بوو ، بەتایبەتی چونکە کاکە میر و مناڵەکانی ئاغا حاکمێکی زۆردار بوون، ئەهالییەکە قینیان لێیان بوون و لە خوایان ئەویست هەلێك هەڵکەوێت لە ناوچن، لەبەر ئەوە کە ئەم هەلە هاتە پێشەوە بێ سێ و دوو پشتی فەقێ ئەحمد یان گرت، لەبەر ئەوە کەوتنە قەڵاچۆکردنی خێزانی کاکە میر کێیان بەردەست کەوت

لەناویان بردن، ئەوەی ڕزگاریش بوو سەری خۆی هەلگرت و چوونە ئێران، لە سەقز و سابلاخ جێگیر بوون ، لە سەقز خێلی فەیزوللا بەگ و لە سابلاخیشدا شێخ عەلی لە ئەولاد و نەتەوەی کاکە میرن. فەقێ ئەحمەد، بەم سەرکەوتنەی تۆلەی خۆی سەند، هەروەها ماف و ئیرسی خۆی وەرگرت، ناوچەی مەرگە و پشدەری کەوتە ژێر دەست ، ئەهالی یەکەش لەبەر ئەوەی فەقێ ئەحمەد بە پیاو چاکیی ناوی دەرکردبوو ملیان بۆ کەچکرد [٢] .

پاش ئەم سەرکەوتنە فەقێ ئەحمەد (دارشمانەی) کرد بە جێنشینی خۆی، ناوچەی مەرگە و پشدەریشی لە ژێر سایە و حوکمی خۆیدا کرد بە یەك ناوچە، بە ئیدارەکردنی ڕێك و پێك و بە عادلانە دلی خەلکی بۆ خۆی ڕاکێشا و ڕۆژانی پڕ لە زۆرداری کاکە میری لە بیر بردنەوە. لەم ڕۆژەوە ناوی بە **فەقێ ئەحمەدی دارشمانە** دەرکرد و وەکو زۆربەی مێژووناسەکان ئەلێن ئەم دامەزرێنەری بنەمالەی بابان بوو. هەر ئەم فەقێ ئەحمەدە، چیرۆکێکی خۆشەویستی سەیری پڕ لە ڕووداوی هەیە کە تا ئەمڕۆ لە لادێکانماندا ئەگێڕرێتەوە و لە نوسراوە مێژووەکانیشدا نوسراوەتەوە. جا ئەو چیرۆك و بەسەرهاتە کورتەکەی ئەمەیە :

---

٢ لێرە بە دواوە بنەمالەی بابان بەو شێوەیەی لە مێژوودا ناو ئەبرێت دامەزرا، واتە فەقێ ئەحمەد بە دامەزرێنەری ئەم بنەمالەیە ئەژمێررێ. (ك)

لەو کات و سەردەمەی فەقێ ئەحمەد بە میراتی باوکی گەیشت و لە دارشمانە دانیشت و پشدەر و مەرگەی لە ژێر ئیدارەی خۆیدا لە یەکدا، لەم ڕۆژانەدا ئاگری شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپراتۆڕیەتی ڕوسدا هەڵگیرسا. ئەمیش وەکو ووتمان پیاوێکی لە خوا ترس بوو لەبەر ئەوە بەشداربوونی لەم شەڕەدا دژی گاورە ڕوسەکان بە واجبێکی ئاینی دانا. لەبەر ئەوە چی پێکرا، و چەندی لە تواناادا بوو شەڕکەر و سواری چەکداری شوێن خۆی خست و بەرەو مەیانی شەڕ ڕۆیشت. لە مەیانی شەڕدا ئازایی و ڕەشیدییەکی بێ هاوتای دەرخست، دڵقایمیی و چاونەترسیی خۆی بە هەموو سوپای عوسمانی و ڕوس پیشان دا.

لەو ڕۆژانەدا کە شەڕ دەکرا، و لە گەرمەی بەیەك چووندا لە لەشکری ڕوسەوە سوارچاکێك هەموو ڕۆژ ئەهاتە مەیانەوە و وەکو پاڵەوانێك وەها بوو ، لە سوپای عوسمانی کەس دەرەقەتی نەئەهات و هەتا سەرە هاتە سەر فەقێ ئەحمەد، دەستیان دایە یەك و ماوەیەکی زۆر زۆرانبازییان کرد لە ئەنجامدا فەقێ ئەحمەد بەسەریا زاڵ بوو و دەستبەستی کرد! لەو کاتەدا بۆی ئاشکرا بوو کە ئەم سوارچاکە مەرد و ئازایە پیاو نییە بەڵکو ئافرەتە، بەپێی ناتۆری ئەو سەردەمە فەقێ ئەحمەد مافی ئەوەی هەبوو هەر لەوێدا بیکوژێ و خوێنی بڕێژێ ، هەروەها هەقی ئەوەشی هەبوو بیبەخشێ ، بێگومان فەقێ ئەحمەد حەیرانی ئازایی و نازداری ئەو ئافرەتە بوو، لەبەر

ئەوە لێیخۆشبوو و هێنایەوە خێوەتەکەی خۆی و لەخۆشی مارە کرد، ئافرەتەش بێگومان کە عاشقی ئازایەتیی و بەجەرگێتیی فەقێ ئەحمەد بوو بوو ئەمەی پێخۆشبوو و لەگەڵیا گەڕایەوە بۆماڵەوە، ئەم ئافرەتە لە مێژوودا بە (کەیغانی) ڕووس ناوی دەرکردووە [٣] سوڵتانی عوسمانی لەسەر ئەم ئازایەتییەی فەقێ ئەحمەد نواندی و لەسەر داخوازی خۆی ناوچەی مەرگە و پشدەری بە ڕەسمی پێبەخشی.

فەقێ ئەحمەد گەڕایەوە لە ئەنجامی زبانشیرینیی و خولقی جوانییا هەتا ئەهات بەرەو سەرکەوتن و پێشکەوتن ئەچوو، سنووری وولاتەکەی گەورە کرد، لە بەشی ئێرانەوە ناوچەکانی گەورك و مەنگوڕ و مامش و وجاخ و هەروەها لەم لاشییەوە ناوچەی بیتوێن هەتا ئەگاتە نزیکی کۆیسنجق خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، بۆ ئەمە قەت خوێنی نەڕشت چونکە لەبەر عەدالەت و کردەوەی شیرینییەوە خەڵکی خۆیان حەزیان ئەکرد بچنە ژێر سایە و دەسەڵاتییەوە ، چونکە شتێکی ئاشکرایە کە ئیدارەیەك بەڕەحمەت و شەفەقەت بێت گەلێك چاکترە لەوەی بە تۆپ و تفەنگ بێت،

٣ بە کەیغانی ئینگلیزی و یان بە کەیغانی ئەفرەنجیش ناو ئەبرێت. جا ووشەی ئەفرەنج لە ڕۆژهەڵاتدا بە هەموو ئەورووپاییە گاورەکان ووتراوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو شەڕە لەگەڵ ڕووسدا بووە ڕێی زیاتر تێئەچێت کەیغانی روس بوو بێت . (ك)

بەوەش ئەو میللەتە بۆ حکومەتەکەی، خۆشەویستیی زیادئەکات و بە دڵ و ئارەزوی خۆی خزمەتی وولاّتەکە ئەکات ئەوساش ئەو وولاّتە پێشکەوتووتر ئاوەدانتر ئەبێت.

فەقێ ئەحمەد هەرچەندە هەموو خوێندنەکەی هەر ئەو چەند کتێبە بو کە لە فەقێ یەتیدا خوێندبووی ، لە دێهات و چۆڵستانا گەورە بوو بوو ، لە شارستانییەت و سیاسەتەکەی شارەزا نەبوو، کەچی سەرەڕای ئەوەش لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وولاّت و میللەتا زۆر لە زوور ئەوانەوە بوو کە لە مەکتەبی گەورە خوێندویانە، هەر لەبەر ئەم سیاسەت و ئیدارە باشەی توانی بە ئاسانی و سەرکەوتنەوە ئیدارەی وولاّت بکات و سنوری فراوان بکا و پێشی بخات ، فەقێ ئەحمەد زۆر نەمایەوە، زۆری نەبرد مرد و لەپاش مردنی ئیدارەی وولاّتەکەی بۆ (خان بداغی) کوڕی مایەوە.

# (( زەمانی خان بداغی کوڕی فەقێ ئەحمەد ))

لە پاش مردنی فەقێ ئەحمەد، خان بداغی کوڕی لەسەر تەختی حوکمڕانی دانیشت. وەکو نوسراوە مێژووییەکان باس ئەکەن، خان بداغ لە ڕێك و پێکی و ئازایی و بەغیرەتیدا هەروەها لە خولقبەرزیی و زانیاریی و عەدالەت پەرستن و زمان شیرینیدا لە باوکی کەمتر نەبووە .

خان بداغ لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو کە لەجێی باوکی دانیشت، لە حوکمکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری وولاٚتدا ڕاوێژی بەدایکی ئەکرد و گوێی لە قسەکانی ئەگرت ، وەکو باوکی بگرە بە زیادەوە ئیدارەیەکی باشی وولاٚتەکەی ئەکرد، لەبەر ئەوە هەتا ئەهات وولاٚتەکە بەرەو گەشەکردن ئەڕۆیشت.

بێگومان تەرەقی و پێشکەوتن، هەروەها خۆشیی و کامەرانیی هەموو وولاٚت و میللەتێك لەسەر جۆری ئیدارەی کاربەدەستان و حاکمەکانی وەستاوە، واتە هەرچەند ئەو ئیدارەیە چاوی لە خزمەتگوزاری میللەتەوە بێت ئەو میللەتە کامەرانتر و پێشکەوتووتر ئەبێت، بەپێچەوانەشەوە، ئەو سەردارانە هەرچەند بەلای زۆرداریی و دەستدرێژیی و چەوساندنەوەی میللەتا داشکێنن ئەوە ئەو وولاٚت و میللەتە ئەدەنە دواوە و بەناخی زەویدا ئەچن. ئەمە یاسایەکە سروشت بۆ ئادەمیزادی داناوە و لێچوونە دەرەوەی بۆ نییە. جا لەبەر ئەوەی خان بداغ لەسەر ڕێ و شوێنی باوکی ڕۆیشت وولاٚت و میللەتەکە

بەرەو تەرەقی و پێشکەوتن ئەڕۆیشت ، لەبەر ئەمەش کۆمەڵ کۆمەڵ، و پەیتاپەیتا خەڵکی وە عەشایری کوردی دەوروپشت بە ئارەزووی خۆیان ئەهاتنە ژێر سایەیەوە ، عەشایری (ئاکۆ) و (بلْباس) و (ئالان) و (ماوەت) هاتنە ژێر دەسەڵاتییەوە و بەمەش ڕۆژبەڕۆژ سنوری وولاتەکەی و نفوزی خۆی پەرەی ئەسەند.

ناوچەی ماوەت ئەوسا تابیعی شاری (بانە) بوو ، حاکمەکەی بانەش خان ئیسماعیل سوڵتان ناوێك بوو، پیاوێکی ئێجگار دڵڕەق و خوێنڕێژ و زۆردار بووە، کوڕەکەشی کە (ئەسکەندەر) بەگی ناو بووە لەو زەمانەدا حاکمی ماوەت بووە ، هەر لەوێش مردووە و نێژراوە. جا ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێ ئەوەیە کە "حسین ناظم" ئەفەندی کە بەو ناوچەیەدا ئەگەڕێ لەسەر کێلی گۆڕەکەی ئەسکندر بەگ نوسراوێك ئەخوێنێتەوە، ئەو نووسراوە هانی ئەدا بکەوێتە گەڕان و پشکنین هەتا لە ئەنجامدا "وەسیقەیەکی" مێژوویی ئەدۆزێتەوە کە لە سەدەی یانزەهەمی کۆچیدا نووسراوەتەوە، لەو وەسیقەیەدا چەند ڕووداوێکی مێژوویی گرنگی تێدابووە، ئەو وەسیقەیە بە فارسی نووسراوەتەوە ، و ماناکەی بە کوردی ئەمە ئەگەیەنێ [٤].

---

٤ ئەم دەست نووسەی حسین ناظم زۆر بەنرخە و زۆر لە مێژووناسەکان کە لەسەر کورد نووسیویانە بە تایبەتی لەسەر مێژووی بنەماڵەی بابان سوودیان لەم دەست نووسە دیوە . (ك)

کە گوایە حەزرەتی عەبدوڵلا کوڕی حەزرەتی عومەر بە "شیری" ئازایەتی ئەو ئاینی ئیسلامەتی لەم وولاتەدا بلاوبۆتەوە. لەم کاتەدا ناوچەی (دەشتە تاڵ) لە ژێر دەستی (قهقون) ناوی کافردا بووە ، ئەم دەشتە تاڵە لە باکوری خۆرهەلاتی سولەیمانی و لە سنووری قەزای شارباژێڕا بوو ، بەلام ئێستە لە سنووری ئێرانە و سەربە بانەیە. حەزرەتی عەبدوڵلا، ئەم قەهقونەی کوشت ، بەلام کوڕی ئەم (قهقونە) هاتە سەر ئاینی ئیسلام و حەزرەتی عەبدوڵلاش ناوی "عەلی" لێناو لە جێی باوکی بە حاکمی دای نا. ئەمانە لەبەر ئەوەی زۆر هەوڵ و تەقەلایان بۆ موجاهیدانی ئیسلام داوە و یارمەتییان داون ، ناوی (خیارالدین)یان لێ ناون و پشتاو پشت بۆیان ماوەتەوە، هەتا زەمانی خان ئیسماعیل سوڵتان و لەو وسیقەیەدا کە باس کرا "تسدیقی" حاکمێتیان کراوە.

لە زەمانی خان ئیسماعیل سوڵتاندا، ئەم خانە، ئەسکندر بەگی کوڕی کرد بە حاکمی ماوەت ، ئەویش لەم حاکمیەتە مایەوە هەتا زەمانی پەیدابوونی خان بداغ کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە، ئەوسا خان بداغ ، ماوەتی لە ژێر چنگ دەرهێنا و خستییە ژێر فەرمان و دەسەلاتی خۆیەوە.

خان بداغ زستانان لە دارشمانە دائەنیشت و ئیستەش لە ڕۆژهەلاتی قەلادزێ وە، جێگایەك هەیە بە ناوی خان بداغەوەیە. بەلام بەهاران و هاوینانی لە ماوەت ئەبردە سەر. نیازیش لەم

کردەوەیەی تەنیا ئاو و هەوا گۆڕین و خۆشەویستی سروشت نەبوو، بەڵکو نیازی لەمە ئەوەش بوو ئاگای لە حاڵ و دۆخی میللەتەکەی بێ لە هەمو سوچێکی وولاتەکەیدا، ئەیویست لە هەموویان نزیك بێت و چاوی لێیان بێت و بە خزمەت کردنیان، خۆشەویستیی و ڕێزگرتنیان بۆ خۆی ڕاکێشێ .

بەلاَم بۆ ئەوەی دەسەلاَتی خۆی زیادبکات و قەڵەمڕەوی وولاَتەکەی فراوانتر بکات بە ئێجگاریی گواستییەوە ماوەت و ئەویێ کرد بە پایتەختی خۆی، لەگەڵیشیا ناوچەی سیتەك و چەند ناوچەیەکی تری خستەسەر وولاَتەکەی خۆی ، ئەمە لە ساڵی (١٠٧٥ك / ١٦٦٤ز) کۆچیدا بوو.

بێگومان هەر چاوی لەوە بوو سنوری وولاَتەکەی فراوان بکات بەوەی ناوچەی نزیکی تری بخاتە سەر، بەلاَم حوکم ڕەوایی لەمە پتر درێژەی نەکێشا و زۆری نەبرد کۆچی دوایی کرد و حوکمی بۆ میر سولەیمانی کوڕی بەجێهێشت [٥] .

---

٥ بەپێی کتێبی "مێژووی سولەیمانی" هەروەها کتێبەکەی ریچ و لونگریك و دائرەی مەعارفی ئیسلامی، لە پاش فەقێ ئەحمەد یەکسەر میر سولەیمان ( بابا سولەیمان ) هاتە سەرحوکم واتە میر سولەیمان کوڕی خان بداغ نی یە بەڵکو کوڕی فەقێ ئەحمەد یان برای خان بداغە، ئەم نوسراوانە هیچیان باسی ماوەی حوکمی ( خان بداغ) ناکەن بەڵکو ئەڵێن ( فەقێ ئەحمەد) دوو کوڕی هەبوو ( بابا سولەیمان ) و ( بوداق سوڵتان). (ك)

# (( حکومەتی میر سلەیمانی کوڕی خان بداغ ))

میر سلەیمان پیاوێکی هەتا بڵێی سەنگین و زرنگ بوو، بەڵام مقابل بەمەش زۆر تونگە تەبیعەت بوو، لەگەڵیشیا پیاوێکی بەڕەحم و دڵنەرم بوو، هەمیشە زیانی بۆ نفوز و دەسەڵاتی خۆی نەبوو.

هەرکە لە جێگای باوکی جێنشین بوو کەوتە هەوڵ و تەقەلادان بۆ گەورە کردنی سنووری وولاتەکەی ، بۆ ئەم مەبەستە ناوچەی (قزلجە) و (سروچك)ی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کە ئەمەی بەجێهێنا ئەوسا ڕووی کردە ناوچەی (قەراغ) و (بازیان) و (شارەزور) و توانی داگیریان بکات و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، بەم جۆرە هەتا ئەهات سنووری دەسەڵات و ونفوزی فراوان ئەبوو. میر سلەیمان هەر بەمە ڕازی نەبوو، بەڵکو چاوی بڕییە وولاتی ئەردەڵانیش کە ئەمڕۆ بە "سنە" ناسراوە و لەژێر ئیدارەی ئێراندایە، ویستی ئەوێش داگیربکات، لە خولیای ئەم داگیرکردن و فراوانکردنەی سنووری وولاتەکەیدا بوو کە بە تەواوەتی پایتەختی وولاتەکەی گواستەوە (قەڵاچوالان) واتە لەساڵی ١٠٨٠ ك / ١٦٦٩ز .

حکومەتی ئێران، ئاگای لەم کەین و بەینەی میر سلەیمان بوو، لەم ئارەزووی سنوور فراوانکردنەی ئەترسا و ئەسڵەمییەوە، لەبەر ئەوە

بڕیاریدا هەتا ئەوەندەی تر بەدەسەڵاتتر نەبووە و هێشتا تەواو قایم نەبووە، هێرش بەرێتە سەری و لەناوی بەرێت، بۆ ئەم نیازەی فەرمانی دا، بەحاکمی لوڕستان کە هێرش بەرێتە سەر میر سلەیمان. حاکمی لوڕستان بە سوپایەکی گەورەی ٤٠ هەزار کەسییەوە بەرەو وولاتی کوردی بابان کشا. میر سلەیمان کە ئەم خەبەرەی بیست بڕیاری دا دەستپێشکەری بکات و ڕێگای هێرشی لێببەستێ لەبەرئەوە هات سووپایەکی بچووکی پێنج هەزاری لە پاڵەوانانی بابان پێکهێنا و بۆ شەڕکردن بەرەوڕووی سوپای حاکمی لوڕستان بووەوە.

هێزی هەردوو لا لە ( شەمێران ) لەسەر زێی سیروان گیرسانەوە، هێزی ئێران لەوبەری زێیەکە هێزی میر سلەیمانیش لەمبەرییەوە، لەوە ئەچوو بەو بەهارە وەختە ئاوی سیروان بووبێتە ناوبژی کەریان ، ئەو ساتە بەهار بوو، ئاوی سیروان لە هەڵسان و زیادیابوو بەفریش پەیتا پەیتا ئەتوایەوە و ئاوی سیروانی هێندەی تر زیاد ئەکرد ، لەبەر ئەوە هیچ لایەکیان دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو لە ئاوەکە بپەڕێتەوە و پەلاماری دوژمن بدات.

میر سلەیمان لە هەل ئەگەڕا، هەلیش لەمە باشتر هەڵ نەئەکەوت، ئەیویست سوود لەو هەلە ببینێ و پەلامارێکی کتوپڕی ئێران بدات و زەبر و زەنگێکی وەها بنوێنێ و بەجۆرێ چاوترسێنیان بکات جارێکی

تر ئێرانییەکان زاتی ئەوە نەکەن سوپای بنێرنە سەر. بەڵام هەڵسانی زێی سیروان و زیادبوونی ئاوەکە ڕێگای هاتنە دی ئەم ئاواتەی لێگرتبوو، لەبەر ئەمە میر سلەیمان پلەی تورەیی، لە ئاوە فێ لێ هاتووەکەی سیروان زۆرتربوو.

میر سلەیمان ئەوە نەبوو، بە سەرۆك عەشیرەتێك دابنرێت، بەڵکو ئەوە ئەتوانین بڵێین کە ئەمیرێکی سەربەخۆ بوو ، بەشێکی زۆری گەورەی کوردستانی خوارووی لەژێر دەستابوو. هەرچەندە پایتەختی گواستبۆوە قەڵاچوالان واتە ئەیویست زیاتر سەربەخۆیی خۆی پیشان بدات بەوەی پایتەختی خۆی هەبێ، بەڵام جۆرە پەیوەندی و دۆستایەتییەکی لەگەڵ خەلافەتی ئیسلامییەتدا لە بەغدا هەبوو، ئەمەش لەبەر لاوازیی و بێدەسەڵاتیی یان لە ترسەوە نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو هەستی ئاینێتی بەهێز بوو لەبەر ئەوە ئەیویست لەگەڵ مەرکەزی ئیسلامییەتدا پەیوەندی هەبێت. وەکو مێژووناسەکان ئەڵێن میر سلەیمان وەکو هەموو پیاوە ناسراوەکانی کۆن لەخواترس بووە و هەتا لە ئیدارەکردنی وولاتەکەشیا لەسەر ڕێ و شوێنی ئایینی و شەریعەتی ئیسلامییەت ڕۆیشتووە. میر سلەیمان وەکو باوو باپیرانی هەوڵی ئەدا سنووری وولاتەکەی فراوان بکات ئەمەش بەلای ئەووەوە لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا دژبەیەك نەبوو. جا ئەبێ دان بەوەشدا بنێین کە میر سلەیمان بڕیاری دا

بە سوپایەکی بەهێزەوە بچێت بەگژ ئێرانییەکاندا، هەستی مەزهەبی کە لەو زەمانەدا وەکو چۆن ئەمڕۆ هەر ماوە، بەتین و گەرم بووە، ئەم هەستە هانیداوە بەو جۆرە بەرەو سوپای ئێران بچێت و بە پەرۆشەوە حەز بکات بچێت بە گژیا. بەتایبەتی کاتێ شا عەباس هاتە سەر تەختی حوکمڕانی لە ئێران و لەو هێرشەیدا کە بردییە سەر کوردستان و بەغدا، هێندە خوێنی ڕشت و کاری نالەباری ئەوەندە کرد، یادگاریی ئەو خوێنڕشتن و کردەوە بەدانەی لە هەست و مێشکی دانیشتوانی ئەم دوو ناوچەیە هێشتا تەڕبوو و نەکوژابۆوە، جا وەکو چەند مێژوو ناسێك ئەڵێن هەستی تۆڵەسەندنەوە هاندەرێکی تر بوو پاڵی بە میر سلەیمانەوە نا بەرەو پیری سوپای ئێران بچێت، و حەز بکات بە سوپایەکی پێنج هەزار کەسی یەوە دەستەو یەخەی سوپایەکی ئێرانی ٣٠ - ٤٠ هەزار کەس بێت.

بەلاّم وەکو ووتمان ئاوی سیروان لە هەستانا بوو، و ڕێگەی بەیەکا چوونی لێگرتبون، چونکە هەردوو لایان زاتی ئەوەیان نەئەکرد لەو ئاوە شێتە فێ لێهاتووە بە لەشکر و جبەخانەیانەوە بدەن. بەلاّم کات هەر لە ڕۆیشتندا بوو، ئاوی سیروانیش هەر لە زیادی بوو، میر سلەیمانیش نەی ئەویست ئەو هەلە لە دەست خۆی بدات، لەبەر ئەوە، بێ ئەوەی گوێبداتە مەترسی و ئەنجامی بڕیارەکەی، بڕیاری دا بە لەشکرەوە لە ئاوی سیروان بدات و بپەڕێتەوە و لەناکادا پەلاماری

ئێرانییەکان بدات بە تایبەتی پەلاماردانێکی وەها کتوپڕ کە قەت بە خەیاڵی ئێرانییەکاندا نەئەهات ڕەنگە ببوایە هۆی سەرکەوتنی. جاوەکو بڕیاریدا، خۆی لە پێش لەشکرەوە، خۆیان فڕێ دایە ئاوی سیروانەوە و توانیان لە سیروان بپەڕنەوە و بگەنە بنەهەنگڵی ئێرانییەکان. بێگومان ئێرانییەکان هەموو شتێکیان بەخەیاڵدا بهاتایە ئەوەیان بەخەیاڵدا نەئەهات کە ئازایەتیی و بەجەرگیی و چاونەترسیی سوپای کوردی بابان بگاتە ڕادەیەك لە سیروانی هەڵساو بدەن و بەو ژمارە کەمەی سوپاکەیانەوە پەلاماری سوپای گەورەی ئێران بدەن. لەبەر ئەوە لە خەوی غەفلەت و بێ باکیدا پاڵیان لێدابووە کە لە پڕ سوپای کوردی بابان پەلاماری دان، لەبەر ئەمەش بە هیچ جۆرێك هیچیان پێ نەکرا، تەنیا ئەوە نەبێ هەرکەس پێی ئەکرێت خۆی لە کوشتن و بڕین ڕزگارکات و بە هەر حاڵێك بێت دەرباز بێت.

لەئەنجامی ئەم پەلاماردانە کتوپڕییە پڕ لە ئازایەتییە، سوپای ئێران بە جۆرێك شکا، وەها لەناوچوو کە ڕۆژبۆوە، هەرچی لە مەیانی شەڕدا مابۆوە، یان کوژراو یان بریندار بوو ئەوی تریش هەموویان ڕایان کردبوو. سوپای بابان تالآنی یەکی بێ شوماری دەست کەوت و بە تالآنی زۆر و دڵی خۆش و سەرکەوتووەوە بەرەو قەڵاچوالان گەڕانەوە.

حکومەتی سەفەوی ئێران، بەم شکاندنە چاوی تەواو ترسا، ئەوەی لە توانادا نەما جارێکی تر گێچەڵ بە میر سلەیمان بکات و سوپای بنێرێتە سەر، بێگومان لە دلا تەواو لە پەرەسەندنی حکومەتی بابانیش ئەترسا. لەبەر ئەوە لایەنی شەڕ و سوپا ناردنی بەرەلا کرد، و کەوتە فیتی سیاسەت و ئاگری دووبەرەکی نانەوە لە نێوان حکومەتی بابان و دەوڵەتی عوسمانیا چونکە ئەیزانی بەوە نەبێت حکومەتی بابانی پێ دابین ناکرێت. لەبەر ئەمە هات شکاتی لای دەوڵەتی عوسمانی لێکرد وە داوای لێکرد جەزای حکومەتی بابان لەسەر ئەو سەرکەوتنەی بدات، لە هەمان کاتیشدا دڵی دەوڵەتی عوسمانی لە حکومەتی بابان کرمێکرد و وای خستییە مێشکییەوە کە بەهێز بوونی حکومەتی بابان زیانی بۆ دەوڵەتی عوسمانیش هەیە.

کاربەدەستانی حکومەتی عوسمانیش، جا لە پایتەخت بێ یا لە بەغدا، لە بەرژوەندی خۆیان و گیرفان پڕکردنی خۆیان بەولاوە لە هیچ شتێکی تر نەئەگەیشتن و بگرە لەوە بەولاوە هیچ شتێکی تریشیان نەئەبینی. بەلای کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانییەوە سوودی میللەت و نیشتیمان لە دوای سوودی خۆیانەوە ئەهات، بگرە ڕەنگە قەت بیریان لە سوودی خۆیان بەولاوە لە هیچی تر نەکردبێتەوە ، جگە لەمەش لە و ڕۆژانەدا حکومەتی عوسمانی کەوتبووە تەنگ و چەڵەمەو و کێشەکانی ناوەوە و

دەرەوە، هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو، لەبەر ئەوە شتێکی ئاشکرابوو کە شکاتکردنەکەی دەوڵەتی ئێران لای کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی غافڵ جێی خۆی بگرێت. لەبەر ئەمە شکاتی حکومەتی ئێران بەگوێیانا چوو بڕیاریان دا سوپایەك بۆ تەمێکردنی بنێرن.

ئەم سوپا گەورەیە بە سەرکردەی والی بەغدا "حەسەن پاشا" و والی دیاربەکر "یوسف پاشا" و لەگەڵ والی حەلەب "حسین پاشا" کۆکرایەوە و دژی میر سولەیمان نێررا. بێگومان حکومەتی ئێران بە فیتی خۆی توانی وا لە حکومەتی عوسمانی بگەیەنێ کە دووبەرەکیی و ناحەزیی نێوان هەردوو لایان هۆیەکەی میر سلەیمانی بابانە. ئەمیش لەسەری خۆیەوە زۆر هەوڵی دا لە حکومەتی عوسمانی بگەیەنێ  کە شەڕوشۆڕی نێوان حکومەتی بابان و ئێران هۆی ئەوەیە کە ئێران لە بنەڕەتدا دوژمنی دەوڵەتی عوسمانییە و دوژمنی هەموو دۆستێکی دەوڵەتی عوسمانیشە، هەروەها کە هەمو نوشوستی و زیانێك لە ئێران بکەوێ سوودی دەوڵەتی عوسمانی تێدایە. بەڵام وا دەرەکەوێت کە هەموو ئەم هەوڵ و تەقەللایانەی بە فیڕۆ چوو، چونکە ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی قسەو فیتنەی ئێرانی بەگوێدا چوو، وە سوپای ناردە سەر حکومەتی بابان، ئەوەش لە یاد، نابێ بکرێت کە دەوڵەتی عوسمانی قەت حەزی بە هێزبوون و قایم بوونی هیچ جۆرە حکومەتێکی کوردی نەکردووە،

لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێین کە شکاتکردنی دەوڵەتی ئێرانی کردە پەردە و عوزرێك، نیازی ناپاکیی خۆی لە پەنایدا شاردبۆوە کە لەناوبردن و شکاندنی دەسەڵات و شەوکەتی حکومەتی بابانی پێگەیشتوو بوو.

جا زۆر لە دەستنووسە کۆنەکان کە بە فارسی نوسراونەتەوە وەکو ئەو نوسراوەی بە ( مجموعەی فریدون بەگ ) ناوئەبرێت دان بەوەدا ئەنێن کە لە سەدەی دەهەمینی کۆچیدا واتە سەردەمی حوکمی میر سولەیمان لە وولاتی باباندا [٦] * ، میر سولەیمان هەتا ئەو کاتە تا ڕادەیەکی تەواو لە حوکم کردنیا سەربەخۆ بووە و سەربە هیچ دەوڵەتێك نەبوە، وە کاتێك پایتەختی گواستەوە قەڵاچوالان بە ڕەزامەندی خۆی، پابەندبوونی بە دەوڵەتی عوسمانی، بەڕووکەش و سەرزاری قبوڵ کرد، و کە هەوڵی دا ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستی حکومەتی ئێراندایە دەریان بهێنێ و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، نیاز لەمە تەنیا سوودگەیاندن بە خۆی نەبوو بەڵکو نیازی لەوەش فراوان کردنی سنووری دەوڵەتی عوسمانیش بوو، چونکە وەکو وتمان هەستی ئاینی لەم سەردەمەدا تەواو گەرم بوو، بگرە هەستی

٦ ئەبێ سەرەتای سەدەی یانزەهەم بێت و نەك سەدەی دەهەم چونکە لەساڵی ١٠٨٠ کۆچیدا میر سولەیمان پایتەختی گواستەوە قەڵاچوالان. (ك)

★ شەرەفخانی بەدلیسی لە شەرەفنامەدا دەڵێت: سەدەی یازدەهەمی کۆچی بووە.

مەزهەبیش لە برەودا بوو، میر سلەیمانیش هەستی مەزهەبی و ئاینی گەرم بوو لەبەر ئەوە وای ئەزانی کە هەر زیانێك بە دەوڵەتی ئێرانی شیعی مەزهەب بگەیەنێ سوودی بۆ دەوڵەتی عوسمانی سوونی مەزهەبی تێدا هەیە. "جا هەر لەبەر ئەمەش کردەوەی دەوڵەتی عوسمانی بە ناردنی ئەو سوپایە بۆ سەر دەوڵەتێك سنووری بەرامبەر بە گەورەترین دوژمنی ئەپارێزێت، کردەوەیەکی ڕاست و تەواونەبوو".
بەڵام لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە پیاوچاکیی لە کاربەدەستانیا بە دەگمەن مابێت ئەڵێی چی و گلەیی چی لێئەکرێت، و لۆمە و تانەی بۆ لێبکرێت.

وا دیارە دەوڵەتی عوسمانی کە ئەوسا سوڵتان محەمەدی چوارەم* سوڵتانی بوو، تەنیا ئەوەی لە دەست هاتبوو بیکات و دووربینی یەکەی لەوەدا بەدی ئەکرد کە فەرمان بدات میر سولەیمان نەکوژن بەڵکو تەنیا فەرمانی گرتن و ناردنی بۆ ئەستانبول دابوونێ.

ئەم کەین و بەینە ڕوی ئەدا لە کاتێکدا میر سولەیمان خەریکی دانانی پیلانی ئەوەبوو پەلاماری وولاتی ئەردەڵان بدات، بێگومان بە ئاسانی ئەیتوانی ئەو ناوچە کوردەوارییە فراوانە داگیر بکات و بیخاتە سەر وولاتی بابان، بەوەش دەسەلاّت و توانای هێندەی تر پەرەی ئەسەند.

* سوڵتان محەمەدی چوارەم (١٦٤٢ز - ١٦٩٣ز)

جا کە ئەو دەنگەی بیست حکومەتی عوسمانی کە خۆی بە دۆست و نزیکی دائەنا، ئوردویەکی گەورەی ناردۆتە سەری بەبێ ئەوەی هیچ گوناهێك لە خۆیدا شکبەرێت، ئەوسا تێگەیشت و لای ڕوونبووە کە ئەوەی دەوڵەتی ئێران لە توانایا نییە بیکات، بە دەوڵەتی عوسمانی ئەکات، جگە لەمەش بیری لەوە کردەوە کە ڕێی تێئەچێت حکومەتی ئێران کە ئاگای لەم کەین و بەینە هەیە و بە فیتی خۆی کراوە ، ئەمە بە هەل بزانێت و لەولایەوە پەلاماری بدات، وە بەمەش ئەکەوێتە نێوان دوو ئاگری بێ وەیەوە، لەبەر ئەمە هات هۆشیارانە سوپاکەی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکی لەژێر سەرکردەی تەیموخانی برایدا، ناردییە سەر سنووری ئێران تا بەرەنگاری هێرشێکی ناوەختی ئێران بکات، بەشەکەی تریش لە ژێر سەرکردەی خۆیدا هێشتەوە و بەرەو ڕیزە شاخی تاسڵوجەی هێنا، هەتا لەوێ ڕێ لە سوپای عوسمانی یەکان بگرێت. کاتێك سوپای عوسمانی یەکان گەیشتە دەشتی بازیان ئەم لەوێ بەوەدا گەیشتبوو خۆی قایم بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەی ئەویست بە خۆڕایی و بێئەوەی هۆی ئەم هێرشەی عوسمانییەکان بزانێت لەگەڵیانا بیکا بەشەڕ، ئەیویست بە قسە و تێگەیاندن وایان لێبکات دەست لەیەخەی بەردەن ، چونکە دڵنیابوو لەوەی لە دوو لاوە شەڕی پێناکرێت، و ئەگەر بیەوێ سنوری وولاتەکەی گەورە بکات ئەوە ئەبێ

جارێ ڕوو بکاتە ئەو بەشی وولاٌتی کوردەوارییەی کەوتبوە ژێر دەستی ئێرانەوە. لەبەر ئەوە نەیئەویست بە هیچ جۆرێ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانییا تێکیبدات، پێویستی بە کات و وەخت بوو، ئامانجی ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی دوور بخاتەوە لە سنوری وولاٌتەکەی هەتا لە ئێران ئەبێتەوە، بەلاٌم وا دیار بوو، حکومەتی عوسمانی لە یەخەی نەئەبووە وە نەیئەویست میر سولەیمان سوود لە کات ببینێ، بۆیە کاتێك میر سولەیمان داوای کرد هۆی ئەو هەڵوێستە ناڕاستە و ئەم هاتنە سەرەی تێبگەیێنن، تەنیا وەلاٌم، وەریگرتەوە ئەوەبوو کە ئەگەر ئەتەوێ سەلامەت بیت خۆت بدە بەدەستەوە، بە سەلامەتی ئەتنێرینە ئەستەمبوڵ، خۆ ئەگەر سەریشت لە فەوتاندن و تیاچوون ئەخورێت ئەوە خۆت مەدە بەدەستەوە. میر سولەیمان هەرچەندە سەری هێنا و سەری برد هەر ئەوەی بە باش زانی خۆی بدات بەدەستەوە، بەلاٌم لەوە نەگەیشت کە ئەگەر مەسەلە تەنیا خۆبەدەست دانەوە و چوونە ئەستەمبوڵ بێت ئەی لە پای چی ئەو ئۆردوە گەورەیەیان ناردۆتە سەری؟ خۆ بەدەستەوەدان بۆ پیاو خراپ و گوناهبارە، بەلاٌم ئەم هیچی وای لە خۆیا شك نەئەبرد. هەر ئەوەی بۆ مایەوە ئەم کردەوەیە بە فیتی ئێران دابنێ، بەلاٌم هەتا لەمەشدا باش بۆی ڕوون نەبوەوە، چونکە ئەوەی لای ئاشکرا بوو، ئەوەبوو کە ئێران دوژمنی دەوڵەتی

عوسمانی یە، و هەمیشە حەز بە زیان و نوشوستی ئەکات و لە هەل ئەگەڕا چی خراپە هەیە و زیان بەخشە بیگەیەنێ بە دەوڵەتی عوسمانی. تەنیا شتێکی کردبێ ئەوەیە کە هەوڵی داوە سنوری وولاّتەکەی فراوان بکات و دەسەلاّتی قایم بکات ئەمەش حەقی خۆیەتی ! جا ئەبینن ئەم کردەوەیەی دەوڵەتی عوسمانی میر سولەیمانی تەواو خستە دوو دڵی یەوە. جگە لەمە شێوازی عوسمانی یەکانی بە دڵ نەبوو، لای جوان نەبوو بەو جۆرە بنێرنە سەری، وەکو جەردەو پیاو خراپ بێت وەها جەندرمە بنێرنە سەری بۆ گرتنی. لای نەنگ بوو گەورە و سەرۆکی بابان بەم جۆر و شێوەیە مامەڵە بکرێت، ئەمە وای لێکرد خۆ بەدەستەوە دان لە بیر و مێشکی خۆی فڕێ بدات، واتە بڕیاری دا کە بکەوێتە شەڕو خۆ پاراستن، ئەگەر هەر ئەشیگرن ئەوە با لە مەیانی شەڕدا بێت !

بەم جۆرە شەڕ دەستی پێکرد، سوپای عوسمانییەکان هەرچەندە زۆر زۆرتر بوو لە سوپای بابان، و هەرچەندە بابانەکان شەڕکردنیان تەنیا بە نیازی خۆ پاراستنەوە بوو لە هەمان کاتیشدا بە دڵ و بە گیان شەڕیان نە ئەکرد چونکە لایان نەنگ بوو بەخۆڕایی خوێنی یەکتری بڕێژن، کەچی سەرەڕای ئەمەش دەرەقەتی سوپای بابان نەهاتن، چەند ڕۆژ شەڕ بەردەوام بوو، ئەنجام هیچ نەبوو، سەرەك سوپای عوسمانی

نامەیەکی بۆ میر سولەیمان نارد تێیدا داوای کردبوو کە بە خۆڕایی خوێنی موسوڵمانان نەڕێژرێ و ئەم سەرپێچییەی لە عاست دەوڵەتی عوسمانی یا ئەبێتە هۆی بەدبەختی میر سولەیمان خۆی و تیاچوونی. هەروەها تیا نوسرابوو کە حکومەتی عوسمانی نیازی خراپی بەرامبەری نییە، و باشترە واز لەو شەڕ و هەرا و سەرپێچییە بهێنێ و هەتا سەعاتێك خێراتر بەرەو ئەستەمبوڵ بڕوات بۆ خۆی باشترە.

میر سولەیمان بەمە هێندەی تر کەوتە دوو دڵی یەوە، بەتایبەتی پیاوێکی ئاینی بوو لەبەر ئەوە بە ڕاستی نەئەزانی بچێت بەگژ خەلافەتی ئیسلامدا ، جگە لەمەش لەوە دڵنیا بوو کە دەرەقەتی دەوڵەتی عوسمانی نایەت و ئەنجامی ئەو شەڕ و هەرایە هەر ئەوە ئەبێت بەسەریا زاڵ ببن و بە زۆر سەری پێ دائەنەوێنن بەوەش کەرامەتی خۆی و میللەتەکەی ئەشکێ. لەبەر ئەمە وای بەڕاست زانی خۆی بدا بەدەستەوە. بە نامەیەکیش ئەمەی لە سەرەك سوپای عوسمانی گەیاند بە مەرجێ ژیان و کەرامەتی بپارێزن، کە ئەو بەڵێنەی لە حکومەتی عوسمانی وەرگرت تەیموربەگی برای لە جێی خۆی دانا و لە ساڵی ١٠٩٨ك / ١٦٨٧ز خۆی دا بەدەست ئۆردوی عوسمانی

یەوە ، كە خێرا بێ دوا خستن بەرەو ئەستەمبوڵ ناردیان[٧]. جا لە چەند نوسراوێكی مێژوویی كۆندا دەربارەی چوونی میر سولەیمان بۆ لای سوڵتانی عوسمانی ڕووداوێكی سەیر ئەگێڕێنەوە. ڕووداوەكەش ئەمەیە (( كە گوایە سوڵتانی عوسمانی داوا ئەكات كە میر سولەیمان بە جل و بەرگی نیشتمانی خۆیەوە بچێتە لای، لەو سەردەمەدا هێشتا چەكی ئاگردار پەیدا نەبووبوو [٨] ، واتە چەك، شیر و تیر و ڕم بوو، بۆ خۆ پاراستن شەڕكەرەكان خۆیان زرێ پۆش ئەكرد، جا میر سولەیمان بە جل و بەرگی كوردی و لەشو لاری زرێ پۆشەوە ئەچێتە لای سوڵتان، وەكو ئەشگێڕنەوە، میر سولەیمان پیاوێكی بالاّ بەرزی پتەوی بە قیافەت بووە. جا كە ئەچێتە لای سوڵتان بەو قیافەتە و بە ڕوخسارێكی پڕ لە ئازایی و قارەمانی یەتی یەوە سەری سوڵتان سووڕئەمێنێ و لە تاوا بە زبانی خۆی هاوار ئەكا "وای بابام")).

جا چەند سەرچاوەیەكی مێژوویی وای دەرئەخەن كەلەمەوە ناو و شۆرەتی بابان داكەوتووە و پشتاو پشت ئەم شۆرەتە بۆ بابانەكان

---

٧ ئەمین زەگی بەگ لە مێژووی سلەیمانیدا نووسیوێتی كە ساڵی ١١١١ك / ١٦٩٩ز خۆی دا بەدەستەوە. (ك)

٨ نیاز لە چەكی ئاگرین، تفەنگ و دەمانچەیە چونكە ئەوسا تۆپ هەبوە. (ك)

ماوەتەوە. جگە لەمە سەرچاوەی تر هەیە کە سەرچاوە و بنەڕەتی ئەم شۆڕەتە بە جۆرێکی تر ئەگێڕنەوە کە بێگومان ئەم سەرچاوانە باشتر بۆیچوون و ڕوونی ئەکەنەوە. جا یەکێك لەو سەرچاوانە کە "مێژووی ڕاشدی" پێئەڵێن و بە فارسی نوسراوەتەوە بەم جۆرەی خوارەوە باس لە پەیدا بوونی شۆرەتی " بابان " ئەکات ئەڵێت :

ئەوەی والی حکومەتی عوسمانی بوایە لە شارەزور ئەچوو لە شاری کەرکوك لە قەلاکەی دائەنیشت، بەلاّم ئەفسەرەکان ئەوانەی هاتووچۆی شارەزوریان ئەکرد ئەوە لە دەرەوەی کەرکوك ئەژیان، جا "بابا سلێمان" ناوێك توانیوێتی ئەو ناوچەی شارەزورە داگیر بکات و بیخاتە ژێر دەستی خۆیەوە و لە عەشایر و خێڵە کوردەکانی ئەو ناوە سوپایەکی گەورەی کۆ کردۆتەوە و خەڵکیش دەوریان لێداوە ، ئەمەی بە هەل زانیوە لە ڕوی والیدا یاخی بووە و ملکەچێتی نەکردوە. هەروەها لە هەمان کاتدا دەستدرێژیشی ئەکردە سەر سنووری ئێران و سەری بۆ فەرمانی هیچ پادشا و والی یەك نە ئەنەواند، لەبەر ئەمە کە حکومەتی عوسمانی ئەمەی لێ دی سوپایەکی گەورەی لە والی بغداد و والی دیاربەکر و حەلەب پێکهێنا و ناردیە سەری. بەبە سولەیمان هەرچەندە بەهێز و دەسەلاّت بو وە سوپایەکی باش هەبوو، بەلاّم وا دیارە ترساوە لەوەی لەگەڵ ئەو سوپا زۆرەی دەوڵەتی عوسمانی

بکەوێتە شەڕەوە جا لەبەر ئەمە بڕیاری داوە بە بێ شەڕکردن خۆی ڕزگار بکات. بۆیە ڕای کرد و خۆی گەیاندە (عەمادی)یەو لەوێشەوە چوە (حەکاری) و لەویشەوە بۆ (وان) لەوێشەوە چووە ئەستەمبوڵ. لەگەڵیا تاقمێك لە پیاو ماقوڵانی خۆی لەگەڵدابوو،حکومەتی عوسمانی دەستوبرد بۆ چاوترساندن (حەڤدە) کەسی لەمانە هەڵواسی.

چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی بەم جۆرە لە سەرەتای پەیدابوونی بەبە سولەیمان ئەدوێ. سەرچاوەکانی تر وەکو "مێژووی جەودەت" بە جۆرێکی تر باس ئەکاو ئەڵێ : کە گوایە میر سولەیمان کاتێك بە دەستبەسەری لەگەڵ ئۆردوی تورکا گەیشتە ئەستەمبوڵ دوور خرایەوە و بە فەرمانی شاهانی نێرایە (ئەدرنە)* ، وولاتەکەی خۆشی دابەش کرا ، هێندێکی درا بە "بەکر بەگ"ی برای و ئەوی تریشی درا بە عەشیرەتی زەنگەنە و چەند عەشیرەتێکی تر. میر سولەیمانیش لە ئەدرنە مایەوە هەتا لە ساڵی ١١١٠ك / ١٦٩٨ز کۆچی دوایی کردو هەر لەوێش نێژرا (٩).

---

٩ ئەبێ دوای ساڵی (١١١٠) کۆچی بێت ، چونکە وەکو لە مێژووی سلەیمانیدا هاتووە میر سولەیمان لە ساڵی (١١١١) کۆچیدا خۆی دا بەدەست سوپای عوسمانییەوە ساڵی خۆدان بەدەستەوە ساڵی ١٠٩٨ بوو ، بەڵام مردنی ئەوە ساڵی ١١١١ بوو. (ك)

* لە پەراوێزی شەرەفنامەدا (هەژار موکریانی) دەڵێ سولەیمان بەبە ساڵی ١١١١ك/١٦٩٩ز براوەتە ئەستانە/ ئەستەنبوڵ ولەوێ کراوە بە پاشای "کەرکوك"، واتە لە وڵاتی بابان دابڕاوە. بەڵام ساڵی ١٦٨٧ز سولەیمان بەبە خۆی دابوو بەدەست لەشکری عوسمانی یەوە.

# (( حکومەتی تەیمور خان بەگ ))

لە پاش ئەوەی میر سولەیمان بەدەست بەسەری نێررایە ئەستەمبولْ ، تەیمور خانی برای لە جێی ئەو لەسەر تەختی حوکم ڕەوانی بابان دانیشت. تەیمور خان بۆ ئەوەی کاکی توش چەرمەسەری نەکات و لە ترسی ئەوەی هەموو جولانەوەیەکی ئەم نەبێتە هۆی ئەوەی عوسمانییەکان تۆڵە لە کاکی بسێننەوە ناچاربوو بە هێمنی دانیشت. جا ئەم تەیمور خانە هەرچەندە پیاوێکی ئازاو نەترس بوو بەلاّم لە هەمان کاتدا دووربینیش بوو، لەبەر ئەوە هیچی وای لێوە نەوەشایەوە دەوڵەتی عوسمانی پێ "عاجز" بکات، بێ دەنگی لای لە هەموو شت باشتر بوو ئەمەش زیانی لە ئیدارە کردنی وولاّتەکەی بێگومان نەدا. بە کردەوەی باش و ئیدارەکردنی ڕێك و پێکی وولاّت وای کردبوو کە نەك هەر لەلای میللەتەکەی خۆشەویست بێت بەڵکو دراوسێیەکانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری بکەن. تەیمور خان پاش ئەوەی ١٧ ساڵ کاروباری وولاّتی زۆر بە باشی برد بەڕێوە* لە ساڵی ١١١٥ك/١٠٧٣ز دا کۆچی دوایی کرد و ٣ منداڵی پاش خۆی بەجێهێشت کە خانەبەگ و فەرهاد بەگ و خالید بەگن.

* ساڵی ١٦٨٧ز پاش خۆبەدەستەوەدانی میر سولەیمان بەبە، بۆ ئەوەی وڵاتی بابان بێ فەرمانڕەوا نەبێت هەمان ساڵ ، تەیمورخان بەگی برای لە شوێنی دادەنرێت.

# (( حکومەتی بەکر بەگ ))

لە پاش مردنی تەیمور خان بەگ، بەکر بەگی کوڕی میر سولەیمان لەسەر تەختی حوکم ڕەوانی بابان دانیشت. بەکر بەگ پیاوێکی سوور ڕەنگ بوو، لەبەر ئەوە لە مێژوودا بە (بەکر بەگی سوور) ناوی دەرکردووە. ئەم شازادەیەی بابان خاوەنی خوو ڕەوشتێکی جوان و بەرز بوو. لە مەیانی سیاسەتی دەرەوەدا لەسەر سیاسەتی مامی ڕۆیشت، هیچ شتێکی وەهای نەکرد دڵی دراوسێیەکانی عاجز بکات بەتایبەتی لەگەڵ ئێراندا بە هیچ جۆرێ تەجاوزی سنوری نەکرد. شۆرەتی بەکر بەگ بەزۆری لە سیاسەتی ناوەوەی وولاتەکەدا بوو، چونکە زۆر حەزی بە ئاوەدانی و پێشخستنی زەراعەت کردووە، نەك هەر ئەمە بەڵکو خۆشی وەکو هەموو جوتیارێك حەزی کردووە لە زەویدا ئیش بکات، وەکو ئەگێڕنەوە ئەگەر هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە کاری جوتیاریدا ئیشی بکردایە تاقەتی نەئەچوو، وە ماندوو نەئەبوو.

جا لەبەر ئەمە شتێکی دوور نەبوو لەزەمانی ئەمدا کشتوکاڵ پێشبکەوێت و ببوژێتەوە، هەر لە زەمانی ئەمدا، پرۆژەی ئاو هەڵبەستن و شتی تر کرا کە هەتا ئەمرۆ لەم پرۆژانە هێندێکی ماوە. یەکێك لەوانە (جۆگەی بەکرەجۆ)یە کە هەتا ئەمرۆ ماوە و هەر بەناوی خۆشی یەوە ناو نراوە. ئەم جۆگەیە لەلای شاری سلێمانییەوەیە و وارداتێکی زۆری هەموو ساڵ هەیە و حکومەتیش

هه‌مو ساڵ له باج سه‌ندنا پاره‌یه‌كی مۆڵی له به‌رهه‌می ئه‌م جۆگه‌یه وه‌رگرتووه . دووهه‌م ئاساری به‌كر به‌گ كه به‌جێی هێشتوه پاش خۆی له شاره‌زووره له قه‌زای هه‌ڵه‌بجه وه له دێی (به‌كراوا) له نزیك ئه‌م دێ یه‌وه قه‌لاَیه‌كی ڕوخاو هه‌یه. جا وادیاره ئه‌و قه‌لاَیه به‌كر به‌گ یان خۆی به فه‌رمانی ئه‌و دروست كراوه یان كۆنه قه‌لاَیه‌ك بووه ئه‌م ئاوه‌دانی كردۆته‌وه [١٠]. له زه‌مانی به‌كر به‌گدا هیچ جۆره ئاشوبه‌یه‌ك ڕووی نه‌دا ، ته‌نیا ئه‌وه نه‌بێت عه‌شره‌تی زه‌نگه‌نه سه‌ریان به‌رز كرده‌وه و ویستیان یاخی ببن به‌لاَم به پێچه‌وانه‌وه به‌كر به‌گ توانی لێیان بدات و ڕایان وه‌ستێنێ به‌مه ده‌ریخست كه له مه‌یدانی شه‌ڕیشدا به‌كاره . ئه‌م شه‌ڕ و هه‌رای زه‌نگه‌نه‌یه زیانی به زه‌راعه‌ت نه‌گه‌یاند ئه‌وه‌ش شتێكی زۆر گرنگ بوو لای به‌كر به‌گ.

به‌كر به‌گ ، دوانزه ساڵ حوكمی كرد. ماوه‌كه‌ی یه‌كێكه له ماوه هه‌ره خۆشه‌كانی مێژووی بابان، له ساڵی ١١٢٧ك/١٧١٥ز كۆچی دوایی كرد. له پاش خۆی دوو كوڕی منالی به‌جێ هێشت كه "سه‌لیم به‌گ "و "شێره به‌گ"ه. له پاش مردنی به‌كر به‌گ كه‌سی وا نه‌بوو جێگای بگرێته‌وه ، چونكه هه‌رچی له‌و خێزانه بوو هێشتا منالْ بوون ، له‌به‌ر ئه‌وه بۆ یه‌كه‌م جار له لایه‌ن حكومه‌ته‌وه حاكمێكی بێگانه هاته سه‌ر خاكی بابان. به‌مه‌ش دۆخی وولاَتی بابان تێك چوو.

---

١٠ وه‌كو له‌م دوای یه‌دا ده‌ركه‌وت ئه‌مه كۆنترین ئاساری ئاده‌میزاده له‌م ناوچه‌یه‌دا. (ك)

## (( زەمانی ئیدارەی وەسی یان "موتەسەلیم" ))

كە بەكر بەگ كۆچی دوایی كرد، دوو كوڕی لە پاش خۆی بەجێهێشت. لە كوڕەكانی تەیمور خان بەگیش سیانیان مابوون. دوو كوڕەكەی بەكر بەگ، "سەلیم بەگ" و "شێرە بەگ" بوون، بەڵام كوڕەكانی تەیمور خان بەگ "خانە بەگ" و "فەرهاد بەگ" و "خالد بەگ" بوون. ئەمانە هەموویان منالْ بوون ، (خانەبەگ) كە گەورەی هەموویان بوو تەمەنی تەنیا سیانزە ساڵان بوو، لەبەر ئەوە نەدەكرا كاروباری ئیدارەیان پێ بسپێرێت ، هەر لەبەر ئەمەش حكومەتی عوسمانی لەلایەن خۆیەوە حاكمێكی نارد كە ئیدارەی وولاتی بابان بەشێوەی كاتیی بكات*. هاتنی ئەم حاكمە زیانێكی گەورەی لە دۆخی وولاتی بابان دا نەك لەبەر ئەوەی ئەوە یەكەم جار بوو یەكێك لە خانەدانی بابان نەیەتە سەر تەختی حوكم ڕەوانی بابان، بەڵكو لەبەر ئەوەش ئەو كابرایە پیاوێكی بێ ئیدارە و بێدەسەڵات بوو، جگە لەوەش لە كاروباری وولات بێ خەبەر و نا شارەزا بوو.

جاران كە خانەدانەكانی بابان حوكم ڕەوانیان ئەكرد لە ناوەوەی وولات هەرچی هەبوو لە خەڵكی و عەشایر بە زۆر بێ یان بە خوایشت سەریان بۆ ئەنەواندن، هەروەها دراوسێیەكانی بابانیش بەرێزەوە وە زۆر جار بە ترسەوە سەیری بابانەكانیان ئەكرد و سڵیان لەوە ئەكردەوە دەستدرێژی بكەنە سەر سنوری یان كاروباری ناوخۆی. بەڵام كە هەر ئەم حاكمە بێگانە نوێ یە بێدەسەڵات و نەشارەزایە هات ئەو هەیبەتەی

* لە پەراوێزی شەرەفنامەدا ئاماژە بەم حاكمە بێگانەیە دراوە وساڵی ١١٢٩ك/١٧١٧ز نووسراوە.

جارانی بابان لە دڵی خەڵکیدا نەما، لەبەر ئەمە شیرازەی بەڕێوەبردن تێکچوو، هەر کەسە لە لایەکەوە سەری دەرهێنا و بوو بە کلاّو فڕکێنی، هەرچی کەمێك دەسەلاّت و ئازایی لە خۆیدا شك ببردایە هەڵەسایە سەر پیێ و لاقی گەورەیەتی و سەربەخۆیی لیێ ئەدا.

ئەوەی لە پێش هەمووانەوە هەستا و کەوتە دەستدرێژیی خێڵی "زەنگەنە" بوو، کە سەرۆکەکەیان "ئەحمەدد خان" بوو. ئەمانە هەمیشە لە هەل ئەگەڕان و شەڕی کۆنە قینیان ئەکرد. ئەوەبوو لە زەمانی بەکر بەگیشدا ویستیان سەرکێشی بکەن بەلاّم بەکر بەگ زوو لێیدان ، جا ئەم تێکچوونی وولاّتی بابانەیان بە هەل زانی و کەوتنە پەلهاویشتن لە پێشەوە ناوچەی قەراغ و سەنگاویان داگیر کرد ئەم دوو ناوچەیەی کاتی خۆی بابانەکان لێیان داگیر کردبوون بەمەش وا دیارە قایل نەبوون و پەلیان هاویشتە سەر بازیان و شارەزور، بەشێکی بازیانیان داگیرکرد بەمەشەوە نەگیرسانەوە بەڵکو هەر لە پەل هاویشتنا بوون هەتا گەیشتنە سەر زێی تانجەرۆ، ئەویشیان داگیرکرد. حاکمیش ئەمانەی هەموو ئەدی و لە جێگای خۆی نەئەبزوا و بەخەیاڵیا نەئەهات وەکو کەس نەهاتبیێ و دەستدرێژی نەکردبێتە سەر سنووری ئەو وولاّتەی ئەو بووەتە حاکمی. بەوەی باش بوو لەم کاتانەدا "**خانە بەگ**" گەورە بوو بوو وە تەمەنی گەیشتبووە شانزە ساڵان و هۆشی بەبەردا هاتبووەوە، کەوتبوە ئەوەی لە دنیاو لە دەوروپشتی خۆی بگات .

## (( حکومەتی خانەبەگ ))

خانە بەگ* هەر لە منالّییەوە کە بەکر بەگی مامی مرد ئەم هەستی بەوە ئەکرد کە مەسئولیەتێکی گەورەی کەوتۆتە سەرشان. هەر لە سەرەتاوە کە هێشتا منالّ بوو وە ئەحمەد خانی زەنگەنە کەوتە دەستدرێژی کردن بۆ سەر سنوری وولاّتی باو و باپیرانی دلّی تەنگ ئەبوو خوێنی ئەورۆژا لە دەمارەکانیا و هەولّی ئەدا خەلّکی گوێی لێبگرن و لە دەوری کۆببنەوە، بەلاّم لەبەر ئەوەی هێشتا منالّ بوو خەلّکی نەیان ئەتوانی بڕوای پێبکەن و لێی کۆ ببنەوە نەوەکا سەری خۆش و ئەوان بە فەتارەت بدات. ئەمەش ئەوەندەی تر خانە بەگی پەست ئەکرد، بەلاّم کاتێك ئەحمەد خانی زەنگەنە هات و تانجەرۆشی داگیر کرد ئەم گەیشتبووە تەمەنی شانزە سالاّنی واتە کاتی ئەوە هاتبوو ڕوو بە ڕووی ئەحمەد خان ڕاوەستێ و دەرسێکی پڕستەمی بداتێ، بەلاّم ئەمەی بەتەنیا پێنەدەکرا پێویستی بەوە بوو هێزێك کۆبکاتەوە بەلاّم بە گەورە پیاوانی وولاّتەکەدا ڕانەئەپەرمو هەلّسن بە گوێی بکەن و دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن. کاتێکی پڕ لە مەترسی بوو بۆ خانە بەگ چونکە کات بەسەرا ئەڕۆیشت و ئەحمەد خانی زەنگەنەش دابین نەئەبوو وە تێری نەئەخوارد. خانە بەگ لەوە دلّنیابوو کە ئەحمەد خان ئەم جارە پەلاماری قەلاّچوالان پایتەختی

---

* خانە بەگ یان خان پاشا سالّی ١١٣٤ك/١٧٢١ز دەسەلاّتی بابانی گرتووەتە دەست.

هەواڵنامەی کتێب

بنەماڵەی بابان ئەدات و بەوە هەبوونی ئەم بنەماڵە کوردە سەرداره ئەکەوێتە مەترسی نەمان و لەناو چوونەوە. لەبەرئەوە هەر ئەوەی پێکرا گەورە پیاوانی وولاّتی کۆ کردەوە و کەوتە قسەکردن بۆیان. ئەیویست کاریان تێبکات و خوێنیان ببزوێنێ و ئازایەتی و مەردایەتی نوستوویان زیندوو بکاتەوە، مێژووی بنەماڵەی بابانی بە درێژی بۆ گێڕانەوە. باسی ئەو هەموو خوێن و ئێسك و پێسکانە و ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللایانەی باو و باپیرانی بۆ گێڕانەوە، کە ڕشتویانە یان کردوویانە بۆ ئەوەی ئەو بنەماڵە سەرداره دامەزرێنن، ئەو هەموو ئەرك و هەوڵ و تەقەللا و خوێنەی خەریکە بە فیڕۆ ئەڕوات لە ئەنجامی دەستدرێژی ئەحمەد خان و کەمتەرخەمی و سستی ئەمان خۆیانەوە. دوایی هاتە سەر ئەوەی بە گەرمی پێی ووتن کە جاران ئەحمەد خان سەری بۆ دائەنەواندن چونکە بنەماڵەی بابانی بە مەڵبەندی پیاوان و بەچکە شێران دا ئەنا بەلاّم ئەمڕۆ کەوتۆتە هێرشبردن چونکە دڵنیایە لەوەی پیاو لەو مەڵبەندەدا نەماوە. ئێمەش ئەمە بە ڕەوا نابینین ئەبێ دەریخەین بنەماڵەی بابان هێشتا مەڵبەندی شێرانە ئەگینا بە تانجەرۆوە ناوەستێ بەڵکو دێتە سەر قەلاّچوالانیش هەموومان لەناو دەبات.

دوایی لە سەری ڕۆیشت و داوای لە هەمووان كرد كە هەوڵیان بكەن بەیەك بۆ بەربەستكردنی تەماعی ئەحمەد خانی زەنگەنە.

لە ناو دانیشتوانا تەنیا (خدر ئاغا) ناوێك و هاوڕێیەكی داوای ئەوە ئەكەن كە هەرچۆنێك بێت لەگەڵ ئەحمەد خانی زەنگەنە ڕێكبكەون و بێ شەڕ و شۆڕ و دەستدانە یەخەی یەكتری سوڵح بكەن، بەڵام دانیشتوان و پیاو ماقوڵانی بابان هەموویان دژی ئەوەبوون سوڵحی لەگەڵ بكەن چونكە لەو بڕوایەدا بوون كە سوڵحكردن وە بێ دەسەڵاتی پیشاندان هێندەی تر ئەحمەد خان هارئەكات، وای لێئەكات سواری كۆڵیان بێت و هیچیان بۆ نەهێڵێتەوە، ئەوەشیان دەرخست كە ئەمانە هەتا ئێستا، كە چاویان لە كردەوە و دەست درێژییەكانی ئەحمەد خان پۆشیوە لەبەر ئەوە بووە چاوەڕوانی "حاكم" بوون شتێك بكات بەڵام مادام حاكم چاو پۆشی ئەكات و كەمتەرخەمی پیشان ئەدات ئەوە ئەمان ئامادەن دەرسێكی باش بە ئەحمەد خان بدەن. بێگومان خانە بەگ ئەم قسانە و ئەم هەڵوێستەی زۆر لاخۆش بوو هەر ئەو ساتەش خدر ئاغاو هاوڕێیەكەی لە مەجلیس دەركردە دەرێ و بڕیاری دا جەزایەكی باشیان بدات، هەر لە پاش ئەمەش ووتەیەكی كورتی بۆ دانیشتوان ووت تێدا لەوە دووا كە میللەتێ فێری سەربەستی و سەرفرازی خۆی بووبێت هەمیشە سەر شۆڕ ناكات بۆ دەستدرێژیی و

زۆرداریی هیچ کەسێ، و ئامادەیی خۆی پیشاندا کە لە پێناوی سەربەستی وولاتی بابان و نەتەوەکەیدا خوێنی خۆی بڕێژێ. خوێنڕشتن و مردنیش لە پێناوی وولات و نیشتیماندا کامەرانییەکی ڕاستەقینەیە. هەرئەو ساتە کە ووتەکەی تەواو کرد سەری بڕاوی خدر ئاغا و هاوڕێ یەکەیان هێنا و لەبەر دەمیانا فڕێدران.

خانە بەگ کە ئەمەی دی بە هەستێکی سەرکەوتووەوە لە هەمووانی ڕوانی ، و پێیووتن "ئەوەی ڕاستی بێت کە یەکەمجار کۆبووینەوە بڕوام نەکرد بەم شێوە جوانە و پڕ پڕ لە ئازایەتییە پشتمبگرن، وەها پیاوانە هەستی نیشتیمانپەروەرێتی دەربڕن، بڕیارم دابوو کە ئەگەر پشتم نەگرن خۆم بە تاقی تەنیا ڕووبەڕووی ئەحمەد خان بوەستم، بۆ ئەوەی ئەگەر توانیم مەردانە حەقی خۆم بسێنم وا باشە خۆ ئەگەر نەشم توانی ئەوا با بە ڕووسووری بچمە ناو باوو باپیرانمەوە. ئیستەش سەری خدر ئاغای بڕاو ببێت بە نموونە بۆ هەموو کەس کە بیەوێ سەرکێشێتی لە عاستما بکات هەرچی پشتم نەگرێت ئەنجامی خدر ئاغا ئەبێت چونکە پشتگرتنی من پشتگرتنی وولات و میللەتەکەمانە.

ئیتر لەم ساتەوە ئومێدم پەیدا کرد، ئومێدی ئەوەی سەر بکەوین چونکە سەرکەوتن بەستراوە بە هەوڵ و کۆششەوە، ئێمە کە هەتا ئەمڕۆ وەها بە زیللەتەوە ئەژیاین هەمووی خەتا و سوچی ئەم حاکمە

بێگانەیەیە. ئەگینا ئێمەی ڕۆڵەکانی بابان تەنگمان بە حکومەتێکی گەورەی وەکو ئێران هەڵچنیبێ لە مێژوومانا، وەها دەستەپاچە بەرامبەر بە یەکێکی وەکو ئەحمەد خان ئەوەستین ؟

لە پاش ئەم ووتە کامڵە بە نرخەی ڕێگای شەڕ و هێرش بردنی بۆ دانان، وای دانا کە ئەم خۆی خێرا، بێ وەستاندن بەرەو ژاژەڵە دەڕوا بۆ ئەوەی کتوپڕ بدا بەسەریا لەوێش چاوەڕوانی ئەمان ئەکات کە بۆ یارمەتی بێن بە دەنگییەوە .

دانیشتوانی ئەو مەجلیسە کە پیاو ماقوڵانی بابان بوون ، کە ئەم دووربینیی و ئازایەتیی و خوێن گەرمیی و نیشتیمانپەروەرێتی یانەیان لە "خانەبەگ" دی ئەوەندەی تر ڕەگی پیاوەتیی و ئازایەتییان جوڵا بۆیە هەر یەکە خێرا کەوتە خۆی بۆ ئەوەی خۆی کۆ بکاتەوە.

خانە بەگیش بە خۆی و ئەو هێزە بچوکەی هەیبوو خێرا بەرەو ژاژەڵە ڕۆیشت و پەلاماری زەنگەنەکانی دا ، تەواو پەرێشانی کردن و زیانێکی زۆری لێدان و ئەو ناوچەیەی پێ چۆڵ کردن، لەشکری ئاغاواتی بابانیش پەیتا پەیتا یەك لەدوای یەك ئەگەیشتن بە سوپاکەی خانەبەگ.

ئەحمەد خانی زەنگەنە کە ئەمەی زانی چی لەدەستا بوو کردی، چ هێزێکی هەبوو هێنایە مەیانی شەڕەوە ، یەك دوو جار بەیەکدا هاتن لە ئەنجامدا ئەحمەد خان خراپ شکا و سوپای بابان ڕژایە هەتا وولاّتی زەنگەنەشەوە، دوایی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە وەکو جاران زەنگەنە ژێر دەستە و سەربە بابان بێت. ئەم سەرکەوتنە بێ هاوتایە هێندەی تر خانەبەگی تیژکرد و هانیدا یۆ ئەوەی شەوکەتی جارانی بابان بگەڕینێتەوە دۆخی جارانی، لەبەر ئەوە هاتە سەر کار و کەوتە ڕێکخستنی کاروباری وولاّت هەتا وای لێهات حکومەتی بابان لەوە ئەچوو گیانێکی تازەی پیادا کرابێتەوە.

خانەبەگ پاش ئەمە کەوتە سەوای داگیرکردنی وولاّتی کوردی موکریان کە لە ژێر دەستی وولاّتی ئێراندا بوو، داگیرکردنی ئەم وولاّتی کوردە خەوێك بوو بگرە ئاواتێك بوو لە دەرون و سنگی زۆر لە خانەدانەکانی باباندا جۆشی خواردبوو بەلاّم نەهاتبووە دی وەکو میر سولەیمان و بەکر بەگ ، ئەم ئاواتە بهێنێتەدی. ئەڵێن بەکر بەگ پێش ئەوەی بمرێت ووتویەتی کە هەر کەسێ لە بنەماڵەی بابان هاتە سەر حوکم و توانی ئەو ئاواتە بهێنێتە دی ئەوە لەو دنیاش بێ، گیانی ئەمی پێ خۆش ئەکات. جا لەبەر ئەمەش بوو خانە بەگ وەها بۆ

هێنانەدی ئەم ئاواتە وا بە پەرۆش بوو، هەرچەندە چەند هۆیەکی تریش هەبوو :

ئەو هۆیەش ئەوەبوو کە خانەبەگ ئەیویست دەسەلاتی وولاتی بابان و سنوری ئەو وولاتە لەسەر حسابی ئێران فراوان بکات. نابێ ئەو هۆیەش لە یاد بکرێت کە هەستی مەزهەب پەرستێتی وەکو جاران تیژبوو وە ئەو دوو بەرەکی مەزهەبییە بە میرات بۆ خانەبەگیش مابۆوە.

لەبەر ئەمانە ئەبینین خانەبەگ بە گەرمی پەلاماری وولاتی ئەردەلانی دا ، سەیر ئەوەیە حاکمی ئەردەلان بە چاك بە خراپ نەیویست ڕووبەرووی خانەبەگ بوەستێ بەڵکو هەتا پێیکرا زوو ڕایکرد و وولاتی بەجێهێشت، ئەوسا خانەبەگ بە ئاسانی وولاتی ئەردەلانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە و بگرە پایتەختەکەی کە شاری سنە بوو داگیری کرد و کردییە پایتەخت و جێنشینی خۆی و حکومەتی قەلاچوالانی بەخشی بە خالد بەگی برای ئەمە لە ساڵی ١١٣٥ك / ١٧٢٢ز ڕوویدا.

پاش ئەمە بە ماوەیەك واتە لە ساڵی ١١٣٦ك / ١٧٢٣ز، والی بەغدا ئەحمەد پاشا ناو بانگی شەڕکردنی گشتی دا دژی ئێران، خانەبەگ کە زۆر بەقینبوو لە ئێران ئەمەی بە هەلێکی باشزانی بۆ ئەوەی زیانی



هەوراماننامەی کتێب

باش بە ئێران بگەیەنێ و هیلاکی بکات بۆ ئەوەی دوا ڕۆژ چاو نەبڕێتە ئەوەی ئەردەلانی لێ بسێنێتەوە. لەبەر ئەمە بە خۆی و هەزار سواری ئازاوە لەگەڵ سوپای والی بەغدا ڕووە و کرماشان ڕۆیشتن، بگرە خانە بەگ لەم هێرشەدا پێشڕەو بوو واتە لە پێش سوپای هێرشبەرەوە بەخۆی و سوارەکانییەوە پەلاماری ئەدا. لەبەر ئەوەی شاری کرماشان خۆی بۆ ئەم هێرشە ئامادە نەکردبوو، بێ شەڕکردن خۆیدا بە دەستەوە. لە ئەنجامی ئەمە شاری هەمەدان کەوتە مەترسییەوە، بۆیە ئێرانییەکان بڕیاریاندا خۆیانی تێدا قایم بکەن و بە ئاسانی خۆ بەدەستەوە نەدەن. سوپای والی بەغاش کە ئەمەی دی ناچار بوو گەمارۆی شارەکە بدات، بۆ ئەوەی بەوە هیلاك و برسی ببن و ناچار ببن خۆیان بدەن بە دەستەوە. ماوەی یەك هەفتە هەر مشتومڕیان بوو جاروبار سوپای ئێران لە شار خۆی دەرباز ئەکرد و هێرشی ئەهێنایە سەر سوپای والی بەغدا بەڵام بە شکاوی و بە زیانێکی زۆرەوە ئەگەڕایەوە دواوە. ئەم جۆرە شەڕ و دۆخە نزیکەی بیست ڕۆژێك بەردەوام بوو. ئێرانی یەکان لە هیچ لایەکەوە یارمەتی یان بۆ نەهات توانای شەڕکردن و پەلاماردانیشیان نەمابوو، بگرە هەتا لەوەش دڵنیانەبوون کە بتوانن شارەکە بەجێ بهێڵن و بێ قەلاچۆکردنیان دەرباز ببن. برسێتی و هیلاکییش زەیفی لێسەندبوون ، بەڵام دوایی

هەولێری کتێب

شەوێك هەلیان بۆ هەڵکەوت توانیان خۆیان دەرباز بکەن. بۆ ڕۆژی دوایی سوپای والی بەغدا واتە سوپای دەوڵەتی عوسمانی بە سەرکەوتویی چووە شاری هەمەدانەوە و داگیریکرد.

والی بەغدا وەکو نیازی لەم شەڕە و لەم هێرشەی بۆ سەر ئێران تەنیا داگیرکردنی ئەم دوو شارە بوبێت، لەبەر ئەوە ئەبینن هەر کە داگیریکردن خێرا هەردووکی، واتە کرماشان و هەمەدان خستەژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە و هەر ئەوەندەی کاروباری ڕێکخست و ئاسایشی گەڕانەوە وازی هێنا و بەرەو بەغا گەڕایەوە. خانەبەگیش لەم خزمەتگوزارییە و لەو هەموو ئازایەتییە و بەجەرگێتییەی خۆی و سوپاکەی نواندیان وایکرد والی بەغدا ناچار بێت ناوی پاشایەتی بداتێ و خەلاتێکی زۆری بکات. بەم جۆرە بە کردەوەی خۆی توانی ناوی حکومەتی بابان بەرز بکاتەوە و سەروەریی تەواوی بۆ پەیدا بکات. دوای ئەم جەنگە خانەبەگ بە سوپا و پیاوانی خۆیەوە بەرەو سنە گەڕایەوە، خالید بەگ و فەرهاد بەگی براشی ناردەوە بۆ قەڵاچوالان. وا دیار بوو خانەبەگ زۆر لە خالید بەگی برای ڕازینەبوو، لەبەر ئەوە لە ساڵی ١١٣٩ك / ١٧٢٦ز لای برد وە لە جێگای، فەرهاد بەگی برای لەسەر حوکمی قەڵاچوالان دانا. بەلام زۆری نەبرد واتە پاش دوو

ساڵ فەرهاد بەگ مرد ئەوسا جارێکی تر هات خالید بەگی کردەوە بە حاکمی قەڵاچوالان.

لە پاش ئەم مێژووە بە دوو ساڵ واتە لە ساڵی ١١٤٣ك/١٧٣٠ز یەکێك لە پادشاکانی دەوڵەتی سەفەوی کە شاە تەهماسب بوو هاتە سەر تەختی حوکم ڕەوانی لە ئێران [١١]. ئەم شا لاوە مەزهەب پەرستە لای نەنگ بو شاری هەمەدان و کرماشان کە بە هی خۆی ئەزانین لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بێت، جا لەبەرئەمە بڕیاریدا بیانسێنێتەوە ، بۆ ئەمە هات لەشکرێکی بێشوماری پێکهێنا، سەرکردایەتی ئەم سوپایەشی دا بە نادرشاە ناوێك، وە ناردیە سەر هەمەدان و کرماشان. نادرشاە بە بنەچە لە تایەفەی بیاغی یە پیاوێکی دووربین و هۆشیار و ئازا بووە، لەبەرئەوە ئەوەبوو توانی دواڕۆژ ببێتە گەورەترین پیاوی ئێران واتە لەسەر تەختی پاشایەتی ئێران دابنیشێ. لەگەڵ ئەمانەشدا نادرشاە پیاوێکی بەقین و دڵڕەق بگرە هەتا بڵێیت دڕندە و خوێنڕێژ بوو، چاوی لە هیچ نەئەترسا بەزەییشی بە هیچ شتێکدا نەئەهاتەوە، بچوایە هەر شوێنێك لە وێرانیی و کاولیی بەولاوە

---

[١١] ئەم شا تەهماسبە ، شاە تەهماسبی دووهەمە کە نادر شاە خۆی هێنایە سەر تەخت ساڵی ١١٤٢ کۆچی و نەك ساڵی ١١٤٣. وە لەبەر ئەوەی مناڵ بوو نادر شاە هەموو شتی بە ناوی بوژانەوەی دەسەڵاتی سەفەوی یەکان گرتە دەست خۆی . (ك)

هەوالنامەی کێدر

هیچی تری لە دوای خۆی بەجێنەئەهێشت. سەرەڕای ئەمەش پیاوێکی دووڕووی تەماعکار بوو بۆ سوودی خۆی دەستی نە ئەپاراست، جا تەماعی گەیشتبوە ڕادەیەك چاوی لە تەخت و تاجی ئێرانیش بڕیبوو، بۆ ئەم مەبەستە ئەیویست خۆی بە خێڵی پاشایەتییەوە ببەستێ لە ڕێگای ژن و ژن خوازی یەوە، جا لەم ماوەیەدا نادرشاه کە ئەوسا ناوی "نادر قولی" بوو هەر خۆی حساب بوو، دام و دەسگای ئێران هەمووی بەدەست خۆیەوە بوو.

تەماعی نادرقوولی هەر بەوەوە نەوەستابوو کە کاروباری پاشایەتی ئەو پادشا منالە بگرێتە دەست و بە ناوی ئەوەوە حوکم ڕەوانی بکات، بەڵکو ئەیویست هەمو خەڵکی ئێران و بەتایبەتی پیاو ماقولانی ئێران و سوپای ئێران بخاتە تەك خۆی. باشترین تەگبیریش بۆ ئەمە ئەوە بوو مەسەلەی سەندنەوەی هەمەدان و کرماشان بخاتەوە کایەوە، چونکە ئەم مەسەلەیە ڕوخسارێکی نەتەوایەتی بەنیسبەت ئێرانی یەکانەوە وەرگرتبوو، واتە هەوڵدانی نادرشاه بۆ سەندنەوەی ئەم دوو شارە بۆ مەسلەحەت و هێنانەدی ئامانجەکانی خۆی بوو. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو خێراو زۆر بە پەلە بە ئۆردویەکی گەورەوە بەرەو هەمەدان ڕۆیشت و ئەو شارەی گەمارۆ دا.

هێزی عوسمانی کە لە هەمەدان بوو، ئەم هێرشە کتوپڕییەی نادرشاه شڵەژاندی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی توانای خۆیان شەڕیان کرد و هەوڵیان دا شارەکە بپارێزن و نەیدەن بە دەستەوە، بەڵام هێزی نادرشاه دە ئەوەندەی هێزی ئەمان ئەبوو لەبەر ئەمە زۆر خۆیان پێ نەگیراو ناچار بوون شاری هەمەدان بەجێبهێڵن و بیدەن بە دەستەوە و بەرەو شاری کرماشان بکشێنەوە. بەس لەوێش هێزی نادرشاه شوێنیان کەوت و تەنگی پێ هەڵچنین تا ناچار بوون ئەو شارەش بەجێ بهێڵن و بەرەو شاری بەغدا بگەڕێنەوە. بەم جۆرە نادرشاه لە ماوەیەکی کەم و زۆر بە ئاسانی ئەم دوو شارەی سەندەوە، بەمەش بێگومان لەبەر چاوی ئێرانییەکان بەرز بۆوە و چوە دڵیانەوە، ئەمەش ئەوەبوو کە نادرشاه لە خوای ئەویست و هەوڵی بۆ ئەدا.

دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ کە ئەمەی بیست داوای لە والی بەغدا ئەحمەد پادشا وە والی دیاربەکر مستەفا پاشا وە والی سیواس حسین پاشا کرد لەگەڵ موتەسەریفی مەرعەش و موسڵ بۆ ئەوەی هەموویان بەیەکەوە بە سەرکردەی والی بەغدا پەلاماری سوپای ئێران بدەن. والی بەغدا وەکو ئەم هەموو سوپایانە بەشی نەکردبێ لەبەر ئەوە داوای لە خانەبەگیش کرد کە بەهێزی خۆیانەوە بەشداری ئەم لەشکرە بکات.

ئەم هێزە گەورەیە لە بەغدا کۆبۆوە و دوایی بەرەو کرماشان کەوتەڕێ، بەڵام کە گەیشتنە شارەزوور سوڵتانی عوسمانی کە سوڵتان "ئەحمەدخانی سێهەم" بوو مرد و لە جێگای ئەو سوڵتان "مەحمودی یەکەم" هاتە سەر تەخت، جا لەبەر ئەم ئاڵوگۆڕییە سوپای عوسمانی لە شارەزور مایەوە چاوەڕوانی فرمانی تازەی سوڵتانی نوێ بوو. ئەم فرمانە تازەیە سێ مانگی ویست هەتا گەیشتە ئوردوی شارەزور، سوڵتانی عوسمانی لەم فەرمانەیدا داوایان لێئەکات کە لەسەر پەلاماردان بڕۆن.

لەسەر ئەم فرمانە سوپای عوسمانی لە شارەزورەوە لە ساڵی ١١٤٤ك/١٧٣١ز کۆچیدا بەرەو کرماشان کەوتەڕێ و هەر گەیشتە سنوری ئەم شارە، دانیشتوانی و پیاو ماقوڵانی بەرەوپیر سوپای عوسمانییەوە هاتن بەم جۆرە جارێکی تر شارەکە کەوتەوە ژێر دەسەڵات و حوکم ڕەوانی دەوڵەتی عوسمانییەوە.

لەپاش حەسانەوە ئەم سوپایە بەرەو هەمەدان کەوتە ڕێ، لێرە بە دواوە خانەبەگ وەکو جارانی سەرۆکایەتی و پێشڕەوی سوپای گرتەدەست و ئازایەتێکی تەواوی نواند، بەڵام شاری هەمەدان وەکو کرماشانی نەکرد واتە زوو خۆی نەدا بەدەستەوە ، بەڵکو دەرگای شورەکانیان داخست و کەوتنە شەڕکردن.

لەولاشەوە شاە تەهماسب بۆ یاریدەدانی شاری هەمەدان بە هێزێکی سەد هەزارییەوە کەوتە ڕێ و، لە نزیك شاری هەمەدان بە خۆی و سوپایەوە هەڵی دا. سوپای عوسمانی کە ئەمەی دی وایان بە باش زانی کە واز لە گەمارۆدانی شاری هەمەدان بێنن و پەلاماری سوپای شاە تەهماسب بدەن. بۆ ئەمەش جارێکی تر ئەرکی پێشڕەوێتی و پەلاماردانیان خستەوە سەر شانی خانەبەگ کە بۆ ڕۆژی دوایی بۆ هێرش بردنە سەر سوپای شاە تەهماسب کەوتەڕێ.

سێ سەعات دوور لە مەرکەزی سوپای شای ئێران خانەبەگ ئازایانە پەلاماری پێشڕەوی سوپاکەیانی دا، بەیەکاچوون و شەڕێکی گەورە ڕوویدا، لەم شەڕەدا سوپای بابان ژمارەیەکی زۆری لە سوپای ئێران کوشت، بەڕادەیەك ئەو سوپایە دوایی خۆی پێ نەگیرا و ناچار بوون ڕا بکەن و پرش و بڵاو ببنەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی سوپای عوسمانی گەیشتە لای سوپای خانەبەگ و بەیەکەوە لەگەڵ هەموو سوپای ئێراندا بەیەکا چوون. شەڕێکی زۆر قورس کرا. ئەم شەڕە سێ شەو و سێ ڕۆژ بێ وەستان بەردەوام بوو، لە هەردوو لا بەتایبەتی لە سوپای ئێران ژمارەیەکی زۆر لەناو چوو، بۆ ڕۆژی چوارەم سوپای ئێران تەواو شپرزە بوو وە خراپ شکا بە ڕادەیك شای ئێران هەر ئەوەندەی پێکرا بتوانێ بە خۆی و پێنجسەد

کەس لە خزم و پێوەندەکانی خۆیەوە بە شەڕەشەق ڕزگار بێت و بەرەو شاری قەزوین هەڵبێت. لەم شەڕەدا سوپای ئێران لەتاو شپرزەیی و بۆ ئەوەی گیانی خۆیان ڕزگاربکەن هەرچی هەیان بووە بەجێیان هێشتوە، جالەبەر ئەمە سوپای عوسمانی تالآنییەکی زۆری چنگ کەوتووە، هەروەها لە شاری هەمەدانیش هێندەی تر جبەخانە و تالآنی تریان چنگ کەوت و دوایی خەلآتێکی زۆریان بەخشی، لەمە خانەبەگ لەبەر ئەو ئازایەتییەی خۆی و سوپاکەی نواندی تەواو چووە دڵی والی بەغاوە و شیرێکی گەوهەرداری پێبەخشی.

بەلآم وا دیارە ئەم دۆستایەتییە زۆر درێژەی نەکێشا، چونکە لە هەر چوار لاوە گەلێك لە پیاوە گەورەکان چاویان بە خانەبەگ هەڵنەئەهێنا وە حەزیان ئەکرد چاڵی لە ژێر پێدا هەڵکەنن و لای ئەحمەد پاشا چارەی ڕەشبکەن. لەبەر ئەوە کەوتنە فیتنەیی بۆی، بەلآم تا ماوەیەك ئەم فیتنەبازییە سەری نەگرت چونکە پاشا بڕوای نەئەکرد بەو قسانە کەهەمووی بریتی بوو لەوەی گوایە خانەبەگ ئەیەوێ دەسەلآتی خۆی فراوان بکات بەڕادەیەك بچێت هەتا شاری بەغداش داگیر بکات و ئەحمەد پاشا دەستبەست بکات. بەلآم دوایی وای لێهات بڕوا بکا، وە وای بێتە بەرچاو کە خانەبەگ زیاد لە پێویست دەسەلآتی پەیداکردوە، ئەمەش بەڕای ئەو زیانێکی گەورەی پێئەگەیەنێ. دوایی هاتە سەر

ئەو ڕایە کە ئەگەر چاووپۆشی لە خانەبەگ بکات و زوو دەستی لێنەوەشێنێ ئەوە دوایی خۆی تیائەچێ. هەروەها چەند کردەوەیەکی خانەبەگ وای ئەکرد پاشا پتر بڕوا بە ناپاکی خانە بەگ بکات. بە نموونە، خانەبەگ هەرچەند بهاتایە مەجلیسی پاشا وەکو خەڵکی تر مەرایی و ڕیایی بۆ پاشا نەئەکرد، بەڵکو هەمیشە بە لوتێکی بەرز و بڕوایەکی تەواو بە خۆیەوە ئەهاتە ئەو مەجلیسە. بەلاّم لە ڕاستییا خانە بەگ هیچ نیازێکی خراپی نەبوو، بەتەمای ئەوە نەبوو ئەحمەد پاشا بکوژێ و بەغدا داگیر بکات. ئەو لووتبەرزییەش لە تەبیعەت و خووڕەوشتی خۆیەوە بوو نیازێکی خراپی تیا نەبوو. جا لە ئەنجامدا ئەحمەد پاشا غایلە دایگرت و قسەو بوختانی خەڵکی چوو بە گوێیا و فەرمانیدا خانەبەگیان کوشت ئەو خانەبەگەی ئەو هەموو چاکە و خزمەتەی بە دەوڵەتی عوسمانی گەیاند . [١٢]

---

١٢ ئەوی راستی بێت چەند نوسراوێکی مێژوویی تر وای دەرئەخەن کە خانە پاشا بە والیێتی ئەردەلاّن مایەوە و لە دوایی دا مرد . بەلاّم چەند نوسراوێکی تر وای دەرئەخەن کە بە فرمانی ئەحمەد پاشا ڕاستەوخۆ نەکوژرا ، بەڵکو لە ئەنجامی دەسیسەی ئەو پاشایە بە نهێنی کوژرا . هۆیەکەش هەر ئەوە نەبوو کە بوختان و دەلەسە گوێی پاشای لێ پڕکرد بەڵکو بەهۆی کۆنە قینەوە بوو. جا بۆ ئەم مەبەستە باشترە مێژووی سلێمانی "ئەمین زەکی بەگ" بخوێنرێتەوە . (ك)

بێگومان لەناوچوونی خانەبەگ زیانێكی گەورەی گەیاند بە دەوڵەتی عوسمانی، چونكە ئەوەش ڕاستبووایە كە خانەبەگ ناحەزی ئەحمەد پاشا بوو، ئەوە پێویست بوو ئەوە لە یادی ئەحمەد پاشا نەچوایە كە ئێران خەتەری لە خانەبەگ بۆ دەوڵەتی عوسمانی زیاتر بوو، وە خانەبەگ یەكێك بوو لەوانەی وەكو دڕك لە چاوی ئێران چەقی بوو، وە سنوری دەوڵەتی عوسمانی لە دەستدرێژی ئێران ئەپاراست، بە گەرمی و ئازایانە ئەچوو بەگژ ئێراندا و بەسەریا زاڵ ئەبوو لەمەدا هەر بەرژەوەندی خۆی تیا نەبوو بەڵكو هی دەوڵەتی عوسمانیشی تێدا بوو. جا دوور نییە كە میللەتی كورد بە تایبەتی لە ناوچەی بابان و ئەردەلان بەم كردەوەیە دڵیان لە دەوڵەتی عوسمانی شكا وەكو جاران لە تەنگانەدا نەئەهاتن بە دەنگییەوە. ئەم ڕاستییەش زۆری نەبرد دەركەوت و ساغ بووەوە. ئەوەبوو هەر لەم ماوەیەدا نادرشا هاتە سەر گۆڕەپانی مێژووی ڕۆژهەلاتی ناوەند، وە ئەبینین كە هەر ئەو سوپای ئێرانەی چەند ساڵ لەوەو پێش لە هەمەدان و كرماشان لە ڕووی سوپای عوسمانی و بابانا هەلات و بە شپرزەیی ئەو دوو شارەی بەجێهێشت و دانی بەدەستەوە، هەر ئەو سوپایە پاش چەند ساڵێكی تر بە سەركردەیی نادرشا هات و نەك بە گورجی ئەو دوو شارەی سەندەوە و سوپای عوسمانی تەفرو توناكرد بەڵكو بە هەموو

ولاّتی کوردەوارییا هات و ڕووی کردە شاری بەغداش و گەمارۆی دا* و ئەو شارەی توشی دەردی برسێتیی و نەخۆشیی کرد بەڕادەیەك سێ یەکی دانیشتوانی لەناو چوون. ئەمە چونکە سوپای ئێران کە جاران بە وولاّتی کوردەواریدا بڕۆیشتایە پەلاماری ئەدراو تەواو هیلاك ئەکرا. بەلاّم ئەمجارە لەئەنجامی کردەوەی ناڕەوای ئەحمەد پاشا ئەم وولاّتی کوردستانە یارمەتی تەواوی دەوڵەتی عوسمانی نەدا.

بە کورتی خانە پاشا کە مرد، تەرمەکەیان هێنایەوە عەودالاّن و لەوێ ناشتیان لەلای مەرقەدی شێخ ئیسماعیلی عەودالاّنەوە. لەم کاتەدا محەمەد بەگی خانەبەگ حاکمی شاری سنە بوو، بەلاّم کاتێك نادرشاه بە خۆی و لەشکریەوە بەرەو بەغدا بە کوردستانا کەوتە ڕێ، ناچار بوو سنە بەجێ بهێڵێت.

هەزارنامەی کتێب

* گەمارۆدانی شاری بەغدا ساڵی ( ١٧٣٢ - ١٧٣٣ز ) لە لایەن نادرشاوە.

# (( حکومەتی خالد پاشا ))

لە پاش مردنی خانەبەگ ، خالد بەگی برای لەسەر تەختی حوکم ڕەوانی بابان لە قەڵاچوالان دانیشت خالد بەگ وەکو باسی ئەکەن پیاوێکی ناسراوی بە ئەخلاق بوو، خاوەنی کردەوەی جوان و ئازایەتی ڕاستەقینە بوو، ئەم خووڕەوشتە جوانەی و ئازایەتییەی لەوەدا دەرئەکەوێت کە کاتێ خانەبەگ کۆچی دواییکرد، ئاشوبەو دووبەرەکی تا ڕادەیەك سەری دەرهێنا ، بەڵام ئەم توانی زوو هەموو شت بهێنێتەوە جێگای خۆی و ئیدارەکردنی وولات ڕێك بخرێتەوە. کاتێك نادرشاه بە وولاتی کوردەواری یا بەرەو بەغدا هاتە خوارێ، ئەحمەد پاشا والی بەغدا داوای یارمەتی لە خالد بەگ کرد، بەڵام ئەم بە بیانوی پاراستنی وولاتی، بەدەنگ ئەحمەد پاشاوە نەچوو.

سەرۆکی شاری تەروێز کە "لوتف عەلی بەگی" ناو بوو، بە هێزی ئازربایجانەوە بەتەما بوو بێتە سەر قەڵاچوالان بۆ ئەوەی لەوێوە بەرەو بەغدا بکەوێتە ڕێ بۆ یارمەتی دانی نادر شاه. خالد بەگ خەبەری زانی و بەخێرایی هێزی خۆی کۆ کردەوە و چووە سەردەشت بۆ ئەوەی ڕێگا لە لوتف عەلی بەگ بگرێت .

بێ گومان لوتف عەلی بەگ بەم کردەوەیەی خالد بەگی زانی، ئەمەش ئەو نیازەی سەرو نگوم ئەکات، وا دەر ئەکەوێت نەیئەویست یان نەیئەتوانی بچێت بە گژیا، لەبەر ئەوە، هات نامەیەکی دڵخۆشکەری بۆ نووسی، لەو نامەیەدا ئەوەی بۆ خالد بەگ دەرخست کە ئەم هیچ نیازێکی خراپی نییە بەرامبەر بە حکومەتی قەڵاچوالان، تەنیا ئەوەیە ئەیەوێت بەرەو بەغدا بۆ کۆمەکی نادر شا بچێت، خۆ ئەگەر خالد بەگیش ڕێگای بدات و بۆ یارمەتیدان لەگەڵیا بێت ئەوە جێی سوپاسی نادرشاه ئەبێت.

خالد پاشا وەکو هەموو پیاوێکی ئەو زەمانە پیاوێکی ئاینپەرست بوو وە ڕەگی مەزهەبێتی لە دڵ و دەروونیا داکوترابوو، لەبەر ئەوە لای نەنگ و کارێکی ناشرین بوو پشتی سوپای ئێران بگرێ و دژی دەوڵەتی عوسمانی بوەستێ کە سوڵتانەکەی خەلیفەی موسوڵمانان بوو. هەرچەندە ئەحمەد پاشا خوێنی خانەبەگی برای خالد پاشای لە ئەستۆ بوو بەڵام هەرچەندی ئەکرد بەدڵیا نەئەهات دژی بوەستێ هەر لەبەر ئەوەی نوێنەری خەلیفە بوو لە بەغدا. لەبەر ئەمە وەڵامی لوتف عەلی بەگی دایەوە (( کە من پیاوێکی لە خوا ترسم وە خەلیفەی ئیسلام بە گەورەی خۆم ئەزانم و قەت دەست ناخەمە خوێنی سوپاکەیەوە، لەبەر ئەوە من بێلایەن ئەوەستم هەقم بەسەر هیچ لایەکتانەوە نییە، بەس بە وولاتی مندا تێمەپەڕە چونکە ڕێگات نادەم،

هەزارنامەی کیبر

باشترە لە ڕێگایەکی ترەوە بڕۆیت )). لوتف عەلی بەگ کە ئەم خەبەرەی پێگەیشت ناچاربوو لە ڕێگایەکی ترەوە بڕوات. هەر لەم کاتانەدا نادرشاە بە سوپاکەیەوە ، لە ناوچەی شارەزوور تێپەڕی. ئەوسا سەرۆکی ئەو ناوچەیە سەلیم بەگی بەکر بەگی ئامۆزای خالد بەگ بوو. سەلیم بەگ ئەو توانا و دەسەڵاتەی نەبوو تا بەرامبەر سوپایەکی گەورەی وەکو سوپاکەی نادرشاە بوەستێ، لاشی نەنگ و ناخۆش بوو، ئەم سوپایە بە وولاتی ئەودا بڕوا بێئەوەی دەسی لێنەوەشێنێ و ئازایەتی بابان و زەبر و زەنگی پیشان نەدات لەبەر ئەوە لەپشتەوە بە هێزێکی بچوکەوە ڕۆیشت ودای بەسەریاو دەستی خۆی وەشان و زیانێکی باشی لێ دا.

نادرشاە ئەوەندەی دڵرەق بوو هێندەش دووربین و زیرەك بوو، هەستی بەوە کرد کە کوردەکان لە خۆی نەوروژێنێ باشترە، وە چاو لەم دەست درێژییەی سەلیم بەگ بپۆشێ و هەوڵبدا دوو بەرەکی بخاتە ناو کوردەکانەوە، واتە ئاگری دوژمنایەتی لەنێوان سەرۆکەکانی باباندا هەڵگیرسێنێ، بۆ ئەوەی بە شەڕی ناوخۆوە خەریکیان بکات، بەوە هەم لە دەستدرێژیان ڕزگاری ئەبێت و هەم توانای ئەوەشیان نامێنێ یارمەتی ئەحمەد پاشای بەغدا بدەن، لەبەر ئەمە هات نامەیەکی بۆ سەلیم بەگ نووسی لەو نامەیەدا نوسرابوو کە (( تۆ بێترس پەلاماری سوپای مەزن



هەواڵنامەی کتێب

و نەبەزی ئێرانت دا، و زیانێکی زۆرت پێ گەیاند، بەڵاّم من چاوئەپۆشم، چونکە ئازایەتی وەهام خۆش ئەوێ و بەڕێزەوە سەیری ئەکەم و زۆر دڵم خۆشئەبێ ئەگەر چاوم پێت بکەوێت و بێیتە لام )).

بەم جۆرە نامەیەکی وەهای بۆ نارد، سەلیم بەگ کە نامەکەی وەرگرت ئەیزانی نادرشای هەوشاری پیاوێکی بێباری خوێنڕێژە، چونکە ناوبانگی وەها دەرکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ویستی ئازایەتی کوردی بابان جارێکی تر بە گەورەی ئێران بناسێت، لەبەر ئەوە بێترس بێ سڵکردنەوە چوە لای نادرشاه. کە چووە لای، نادرشاه پێی ووت :

نەك ئینسان بەڵکو شاخ و داخیش لە زەبر و زەنگی من ئەترسێت، کەچی تۆ لە شان و شەوکەتی من نەترسایت، بە پێچەوانەوە زۆر بە ئازایانە پەلاماری سوپاکەمت داو زیانێکی باشت لێ داین. سەلیم بەگ وەلامی دایەوە ووتی:

- شاهم هەواو سروشتی ئەم ووڵاتە نێرە، ئازایەتی، خاسیەتی فیتری ئێمەیە. جا من تێناگەم چۆن لە کاتێکدا حکومەتی بابان هەبێ هوردویەك بە ووڵاتەکەیدا بڕوات بێئەوەی خۆمانی پێبناسێنین و چاوشکێنی نەکەین، ئەگەر وامان نەکردایە پاشای بابان لەچاو ئێوەدا بە کوێخا دێیەکی ئێران ئەزانرا.

نادرشاه پێی ئەڵێ: ئازایەتی وەها شێتێتی یە وە ئەنجامەکەی خراپە ئەگینا چۆن تۆ بە خەیاڵتا هات کە بە مستێ کوردەوە شان لە شانی من بدەیت و بوونی خۆت بپارێزی. سەلیم بەگ لێرەشدا ئازایانە وەڵامی ئەداتەوە و ئەڵێ: گەورەم پاراستنی ئەم بوونەی ئێمە بە زۆر و کەمی نییە بەڵکو بە ئازایەتی و عەزم و ئیرادەوەیە باووباپیری ئێمە بە ئازایەتی بە ڕەنج و تێکۆشان ئەم حکومەتەیان پێکهێناوە و بۆ ئێمەیان بەجێ هێشتوە بۆ ئەوەنا کە بیکەین بە قوربانی ترس و تەمەڵی بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆیان بەجێ هێشتوین کە هەتا دوا دڵۆپی خوێنمان هەوڵدەین بۆ پاراستنی و گەورەکردنی و ئاوەدانکردنەوەی. جا ئێمەش ئەگەر تێنەکوشین وە هەوڵنەدەین بۆ پاراستنی ئەم کۆمەڵە و قەومە بچوکەمان کەواتە لە نەوەی ئەو ئازا و بەبەردانە نین و حەق وایە لەوانمان حساب نەکەن. بەڵێ شاهم بۆ دەوامی ژیانی وولاتەکەمان هەموو خۆبەختکردنێك ئەنوێنین بەڕادەیەك پێی بڵێن شێتێتی، ئەگەر وا نەکەین ئەوە گیانی باپیرانمان لێ عاجز ئەبێت و بەوە ئازاریان ئەدەین. نادرشاه بە سەلیم بەگ ئەڵێ : لەمەدا کوڕم سەهویت، خۆ پاراستن و سەرکەوتن بە مستێ ئینسانەوە بەوە ئەبێت کە بەرامبەر هاوشانێکی خۆتان بنوێنن، بەڵام بەرامبەر بە دەوڵەتی گەورە ئەوە وجودی خۆتان هەتا هەتا بە زبانیش ناتوانن بنوێنن. ئەم دوژمنایەتی یەتان بوون و

قەومایەتیی تان بەرەو نەمان ئەبات، بگرە پەلە لەو نەمانە ئەکات، لەوە وورد بەرەوە مۆمێك بەرامبەر بە ڕۆژ چ ڕوناکیی یەکی هەیە؟

سەلیم بەگ لە وەلاّمدا ئەلّێ: شاهم تەماشا ئەکەن ئینسان لە سەرەتاوە لەدایك ئەبێ. لە قۆناغدا دائەنرێ و لەم باوەش بۆ ئەو باوەش ئەچێ، دوایی پێ ئەگرێ و بەرە بەرە گەورە ئەبێ هەتا ئەبێتە پیاوێکی بە قەلاّفەتی گەورە، ڕاستە مۆم لە عاست ڕۆژدا نانوێنێ بەلاّم ڕۆژ کە ئاوا بوو ئەمجار مۆمەکە ڕووناکی خۆی دەرئەخا.

نادرشاه ئەلّێ: کەمادام وایە، مادام بەمجۆرە هەولّ ئەدەن بۆ وجودی وولاّتتان وە ئاوەدانکردنەوەی و پاراستنی ، کەواتە بۆچی ئەحمەد پاشا والی بەغدا سەرەڕای ئەو هەموو خزمەتەی خانەبەگ بۆی کرد پاداشتی ئەوەبوو بەو جۆرە ئیعدامی کرد و ئێوەش چاوتان پۆشی و هیچتان نەکرد، گوایە گیانی خانە بەگ چاوی لە تۆلّە سەندنەوە نییە ؟

سەلیم بەگ ئەلّێ: ڕاستە بەلاّم حکومەتی عوسمانی دەولّەتی خەلافەتە و هەستان لەڕوویا لای ئێمە گوناهە و ڕاست نییە. لەبەر ئەوە ناچارین چاو بپۆشین.

هەوالنامەی کتێب

نادرشاه پێی ئەڵێ: "ئیتاعەت" بەم جۆرە، وە تا ئەم ڕادەیە نەفامیی و دواکەوتنە. ئێمە و ئێوە هەردولامان خۆمان بە موسوڵمان ئەزانین. ئێمە داواتان لێناکەین کە دژی خەلیفە بوەستن و لێی عاسی ببن، بەڵکو ئێمە داوای ئەوە ئەکەین کە حەقی خانە بەگ بسێنن. وە لەبەر ئەوەی چاو لەو تۆڵە سەندنە دائەپۆشن من بە لەکەدارتان دا ئەنێم و ئەگەر لەم نوقتەیەوە سەیری ئازایەتیی و فیداکاریتان بکەین ئەبینین بە پێچەوانەوە هەژار و بێدەسەلاتن. بۆ ئەمە دڵم پێتان ئەسوتێ، وە لام عەیبە ئەحمەد پاشایەکی خوێنڕێژ و دوژمنتان بە چاوی خەلیفە سەیری بکەن. بەڕاستی پێکەنینم پێتان دێت و سەرم سووڕئەمێنێ لەم نەفامیی یەتان. بەناوی ئیسلامەوە قارەمانانی ئیسلام بکوژرێ. خوێنخوارێکی وەکو ئەحمەد پاشا بە ناوی ئیسلامەوە هەموو خراپەیەك بکات کەچی بە چاوی خەلیفەی ئیسلام سەیر بکرێت، ئەمە لە نەزانین بەولاوە هیچی تر نییە. ئێمەش خۆمان بە ئیسلام ئەزانین و ڕێز لە خەلیفە ئەگرین وە چاکەی ئیسلامەمان ئەوێت، بەڵام کە یەکێکی موسوڵمانی وەکو ئەحمەد پاشا بەم جۆرە خراپە بکات ناچارین دژی بوەستین و لای بەرین.

سەلیم بەگ ئەڵێ : هەرچەند خراپ بێت بەڵام مادام نوێنەری خەلیفەیە لە بەغدا، ئەبێ چاوی لێبپۆشین و سەری بۆ شۆڕکەین

نادر شاە دیسان ئەڵێ: لە سەرەتاوە وتم کە نەفامیتان ڕێگای بینینی ڕاستی لێگرتون، ئەبێ خەلیفەی ئیسلام پیاوی بەدکردگاری خۆی بناسێ و زوو سزای بدات. پیاوی مەردیش ئەوەیە کە چەوتی دەرئەخات و دژی چەوتی ئەوەستێ و هەوڵ ئەدات لە ناوی بەرێ. ئەحمەد پاشای بەغدا زۆر ئازاری زیارەتکەرە ئێرانییەکان ئەدا کە ئەچن بۆ نزرگا پیرۆزەکانی عێراق، لەبەر ئەوە ناچارین ئەم زۆرداریە لەسەر شانی خۆمان هەڵگرین، بۆیەش بەم هۆردووەوە بەرەو بەغدا ئەچم. ئێوەش مادام ناتوانن حەقی خانەبەگ بسێنن، بڕیارم دا ئەمجارە من بۆی بسێنم. خالد بەگی مامت لایەنی ئەحمەد پاشا ئەگرێت، من لەوە دڵنیام کە هاوفکری ئەوە، من لەبەر ئەوەی بەڕێزەوە سەیری خانەدانێتی ئێوە ئەکەم وە بۆ ئەوەی لای تۆش ئیسپاتی بکەم کە نامەوێ وەجاختان کوێر بکەمەوە، هەروەها ناشمەوێ ئەم وڵاتەتان وێران بکەم چونکە ویجدانم قبوڵ ناکات ئەگینا ئەمتوانی خاکتان بە تورەکە بێژمەوە، بۆ ئەوەی تەڕ و ووشك پێکەوە نەسوتێ، تەنیا سزای ئەوانە ئەدەم کە گوناهبارن، جا بۆ ئەوەی دۆستایەتی خۆمت بۆ دەرخەم وا بڕیارم دا حکومەتی قەڵاچوالان بدەم بە تۆ بەمەرجێ تۆش وەکو من ڕاستگۆ بێت و بەڵێنم بدەیتێ کە بە گفتار و کردەوەت ڕاست بیت لەگەڵما، منیش لە پاداشتی ئەمە تۆ ئەخەمە ژێر حیمایەتی خۆمەوە، یارمەتیت ئەدەم، ئەتگەێنمە ئەوپەڕی بڵندی.

هەواڵنامەی کتێب

بەمجۆرە، بە قسەی خۆش بە لاواندنەوە، بە تەماع خستنەبەردەم و بە هەڵدان و فووتێکردن، نادرشاه توانی سەلیم بەگ لاس بدات، نیازیش لەمە ئەوەبوو یەکەمیان کە سەلیم بەگ بخاتە لای خۆی و بەوە لە ئەحمەد پاشای بەغدای بپچڕێنێ وە ئەو هەڵمەتەی کە بۆ سەر بەغداش ئەیبا لەبەر چاوی ئیسلامەکان بە مشروع دابنرێ، و لە هەمان کاتیش دا لووتی خالد بەگ بشکێنێ لەسەر ئەوەی ڕێگای نەدابوو بە لوتف عەلی بەگ .

دووهەمیان بە دەم شیرین کردنی سەلیم بەگ وای کرد دووبەرەکیی بکەوێتە ڕیزی بابانەکانەوە بەوەش خالد بەگ سەری قاڵ ئەبێت و بەوەدا ناگات یارمەتی ئەحمەد پاشا بدات ئەو یارمەتیدانەی کە لەوانەیە سەرکەوتنی نادرشاه بخاتە شکەوە.

نادرشاه کە توانی بە دووربینی و زۆرزانیی خۆی حکومەتی ئێران و تەخت و تاجی لە خاوەنی خۆی بسێنێ و هەموو ئێران بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە، لای کارێکی گران نەبوو پیاوێکی ساویلکەی دڵپاکی وەك سەلیم بەگ هەڵفریوێنێ. هەر لە پاش ئەم ڕێککەوتنە خێرا هێزێکی دایە و ناردییە سەر خالد بەگی مامی. سەلیم بەگیش لەو کاتەدا نەیئەزانی چ کەتنێکی بە خۆی و بە بنەماڵەی بابان و

هەوراماني كتێب

وولاتەکەی کرد بەم کردەوەیەی کە چارەی پینەکردنی نەمابوو. هەوای سەڵتەنەت و درۆ و دەلەسەی نادرشاه بەرچاوی گرتبوو لەوە بەولاوە هیچی تری نەئەدی و هەستی نەئەکرد دوارۆژی چی ئەبێت. بە درۆکانی نادرشاه هەڵخەڵەتا و چاکە و سوودی قەومەکەی لەبیرچووەوە بگرە خووڕەوشتی باوباپیرانی لەیادکرد ئەو خووڕەوشتەی بریتی بوو لەوەی بچوك سەرشۆڕی گەورە بێت و سوودی وولاتی لا لە سەروو هەموو شتێکەوە بێت.

بەم جۆرە وولاتی بابان بوو بە "دوو بەرەوە"، بەرەیەکییان لایەنی سەلیم بەگی گرت و بەرەکەی تریشیان لایەنی خالد بەگی گرت. خالد بەگ ئەیزانی کە لەگەڵ سەلیم بەگ دا پێی ناکرێ و دەرەقەتی نایەت چونکە نادرشاه لە پشتییەوە وەستابوو یارمەتی ئەدا، لەبەر ئەوە ڕایکرد ویستی بەرەو ئەستەمبوڵ بچێت، بەڵام هەتا شاری ( ئورفە ) گەیشت، لەوێ یەکسەر بەرەو شاری موصل گەڕایەوە، لەوێش مایەوە هەتا لە ساڵی ١١٦٥ك/١٧٥٢ز کۆچی دواییکرد. لەوساوە سەلیم بەگ هات و لە قەڵاچوالان دانیشت و بوو بە حاکمی وولاتی بابان، هەر لەم ساتەشەوە بۆ یەکەم جار وولاتی بابان "ڕوویکردە ئێران" و گوێی نەئەدایە بەغدا.

نادرشاه بۆ ئەوەی بە تەواوەتی قاچی خۆی لەم بەشەی کوردستاندا قایم بکات هات کەوتە پشی پشی کردن بۆ پیاوە ئاینییەکان بەتایبەتی بۆ "**شێخ حەسەنی گڵەزەردە**" کە گەورەترین پیاوی ئاینی ئەو سەردەمە بوو، بۆ ئەم نیازە نامەیەکی بۆ نووسی داوای دۆستایەتی و پشتگیری تێدا ئەکات نامەکەش ئەمەیە:

(( منى الى ذي المأرب والمن اعني به السيد حسن ، اما بعد فان حبي لجدكم لا يكاد انكاره و ان مرامي ترويج مذهب الجعفري الصادق فبورود العريضة لابد أن تتشرف الى و الا يكون سببا لقهري )).

واتە ئەڵێ " کە خۆشەویستیم بۆ باپیرتان ئینکار ناکرێت، نیازم ئەوەیە مەزهەبی جعفری ڕاستەقینە بلاْوبکەمەوە، جا بە گەیشتنی ئەم نامەیە تەشریف بفەرموون ئەگینا نەهاتنتان جێی دڵتەنگی مان ئەبێت".

بەلاْم شێخ حەسەن لەوانە نەبوو بە قسەی نادرشاه تەفرە بخوا، ئەوەندەش ساویلکە نەبوو گوێی بداتێ. شێخ حەسەن لەنەوەی شێخ عیسی و شێخ موسایە لە ساڵی ٦٥٦ك / ١٢٥٨ز لە هەمەدانەوە هاتوونەتە بەرزنجە کە نەوەکەیان لە سلێمانی و کەرکوك بلاْوبوونەتەوە هەموویان لە شێخ عیساوە هاتونەتە خوارێ. شێخ حەسەن بە قسەی نادرشاه ناکات



هەواڵنامەی کتێب

و ناچێت بۆ لای، بەڵکو نامەیەکی بۆ ئەنوسێت کە چۆن نوسراوەتەوە وەها ئەینوسینەوە:-

(( اخذت كتابكم و وافانا بالذين خطابكم اما قولك فان حبي لجدكم لا يكادو انكاره ان كانت تلك المحبة ممزوجة ببغض ساير الاصحاب طوبى لك في الدنيا و في يوم الحساب والا وبال على صاحبها واما قولك و ان مرامي ترويج مذهب جعفر الصادق فانه كان من اجل التابعين و جدنا ماله مذهب مدون ولو كان له مذهب مدون اتبعناه واما قولك فبورود العريضة لابد ان تتشرف الي فان رجل كسيف البال و ضعيف الحال لا اقدر على المشي و لكن اوصيكم بوصايا تعمل بها و تنجو منها أن لا تحارب السلاطين العثمانية اذ طلع من اهل الكشف على بقائهم الى يوم القيامة و منها ان ما اضمرت في قلبك تخريب الموصل لا تفعل يكون سببا في هلاك جندك و منها ان تعجل في التوبة لانه يقتلك بعض اقاريبك الذي الآن معك )).

واتە ئەڵێ (( نامەکەتانم وەرگرت، دەربارەی ئەوەی ئەڵێین کە خۆشەویستیم بۆ باپیرتان ئینکار ناکرێت، ئەگەر ئەو خۆشەویستییەی ڕق و کینەی لەگەڵا بێ بۆ ئەصحابەکانی تر ئەوە خوا لەم دنیا و لەو دنیا لێت خۆشنابێت. دەربارەی ئەوەش کە ئەتەوێ مەزهەبی جعفری صادق بڵاو بکەیتەوە ئەوە باپیرمان مەزهەبێکی نوسراوەی نەبوو، چونکە ئەگەر بیبوایە ئەوە ئێمە لەسەری ئەڕۆیشتین، بەڵام دەربارەی

ئەوەی کە تەشریف بفەرمومە لاتان ئەوە پیاوێکی پیری پەککەوتەی وەك من تواناى ڕۆیشتن و هاتوچۆی نییە. بەلاَم چەند وەسیەتێکتان بۆ ئەنووسم بۆ چاکەی خۆت لەسەری بڕۆ. مەچۆ بەگژ سوڵتانەکانی عوسمانیدا، چونکە لەڕێی ئەهلی کەشفەوە دەرکەوتووە کە ئەمانە هەتا ئەو دنیا هەر ئەمێننەوە، بەلاَم ئەو نیازەی بنیاتت ناوە بۆ وێرانکردنی شاری موصل، ئەوە واز بێنی باشترە، چونکە ئەبێتە هۆی لەناو چوونی سەربازەکانت، هەتا زووشە تۆبە بکە چونکە بەدەستی چەند خزمێکی خۆت ئەکوژرێیت کە لەگەڵتان )).

بێگومان ئەم وەلاَمە سەرو دڵی نادرشاه ی گرت دەسەلاَتیشی نەبوو هیچ بەرامبەر بە شێخ حەسەن بکا و نەی ئەتوانی ئازاری بدات چونکە پیاوێکی ئاینی گەورەی ناسراو بوو، لە نەوەی جعفری صادق و حەزرەتی حسێن بوو.

# (( حکومەتی سەلیم پاشا ))

سەلیم بەگ* کە بوو بە سەلیم پاشا لەسەر تەختی حوکمڕانی بابان دانیشت، ڕووخسار و ناوەرۆکی ئیدارە و سیاسەتی حکوومەتی لە بنەڕەتەوە گۆڕی، چونکە بۆ یەکەمجار حکومەتی بابان لەسەر ئارەزووی ئێران واتە نادرشاە دامەزراو هەڵئەسوڕا، و بەتەواوەتی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عوسمانی پچڕان وە لەبەرئەوەی زۆر هەبوون حەزیان لە ئێران نە ئەکرد دووبەرەکی و دووتیرەیی بۆ یەکەمجار کەوتە ڕیزی وولاتی بابانەوە، تاقمێك سەر بە "ئێران" و تاقمێکی تر سەر بە دەوڵەتی "عوسمانی" بوون. سەلیم پاشا هیچ هەوڵی نەدا کار بگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی بەڵکو بە پێچەوانەوە پتر لای ئەدایە لای نادرشاە. لەبەر ئەمە ئەحمەد پاشای والی بەغدا لە ساڵی ١١٦٠ك/١٧٤٧ز بە سوپایەکی گەورەوە پەلاماری حکومەتی بابانی دا، لەلایەن عولەماو شێخ و مەشایەخی وولاتیشەوە دەنگ درا کە هەرچی بچێت بەگژ سوپای دەوڵەتی عوسمانیدا و چەکی لە ڕوودا هەلگرێت کافرە. لەبەر ئەوە سەلیم پاشا خەڵکی لێ دوورکەوتەوە و مایەوە خۆی و دەست و پێوەندەکانی، ناچار بوو ڕابکات و لە قەڵای سروچك خۆی قایم بکات، شێرەبەگی براشی ڕایکرد و لە قەڵای قەمچوغە خۆی قایم کرد.

---

★ سەلیم پاشا ساڵی **١١٥٦** ك / **١٧٤٣** ز دەسەڵاتی بابانی گرتە دەست.

ئەحمەد پاشا یەکەم جار پەلاماری قەمچوغەی دا ، شێرە بەگ ناچار ڕایکرد، دوای ئەمە ڕوویکردە سروچك بۆ سەر سەلیم پاشا، بەلاّم دەرد و نەخۆشی بەناو سوپاکەیدا بلاّوبۆوە و قڕی تێخستن بە ڕادەیەك وەکو ئەگێڕنەوە ڕۆژی دووسەد ئەمرد، بگرە هەتا ئەحمەد پاشا خۆشی نەخۆش کەوت. سەلیم پاشا کەوتە دەخالەت کردن، ئەحمەد پاشا لێیبورد بە مەرجێك ڕوو لە ئێران وەرگێڕێت. لەسەر ئەمە ڕێککەوتن و ئەحمەد پاشا گەڕایەوە بەغدا بەلاّم لە ڕێگا لە ( دەلی عەباس ) مرد. لە جێگای ئەو سلێمان پاشای زاوای بوو بە والی بەغدا.

سلێمان پاشا وەکو باسی ئەکەن پیاوێکی دووربین بوو، لەبەرئەوە کە دی، سەلیم پاشای بابان دیسانەوە کەوتەوە ڕووکردنە ئێران لەگەڵ ئەوەشدا کە نادرشاە کوژرابوو*. چەند جار ئاگاداریکرد و داوای لێکرد بێتەوە سەر ڕێی پەیوەندی بەستن لەگەڵ بەغدادا بەلاّم سوودی نەبوو. بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەگەڵ عوسمان پاشای حاکمی حەریر ڕێککەوتن و هاتە سەر ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر ناوچەی زەندئاباد ئەوسا سلێمان پاشا لە ساڵی ١١٦٤ك / ١٧٤١ز پەلاماری وولاّتی بابانی دا، هەر وەکو جاری پێشوو دەنگی داو شێخ و مەشایخ لەگەڵیا کە کەس بە کۆمەکی سەلیم پاشاوە نەچێت ئەگینا کافر ئەبێت. سەلیم بەگ ئەمجارەش هیچی پێنەکرا ناچار بە خۆی و خاو خێزانییەوە هەلاّتن بۆ ئێران.

---

* نادرشا لە ١٧٤٧/٦/٢٠ کوژراوە، لاپەرە ٢٥ لە توێژینەوەی "ايمان متعب محي" بە ناوی "اطماع نادر شاه الافشاري و توسعاته الخارجية".

لە جێگای سەلیم پاشا، "سلەیمان پاشای خالد پاشا" لەسەر تەختی حوکمڕەوانی بابان دانیشت ئەم زاتە پیاوێکی ئازا و دووربین بوو لەبەر ئەوە لەماوەیەکی کەمدا وولاّتی بابانی ڕێکخستەوە.

پاشان سلەیمان پاشای بەغدا کەوتە پەلاماردانی عوسمان پاشای حاکمی حەریر و کۆیە ، ئەمانە لەسەر شاخی ( دوکورت ) خۆیان قایمکردبوو. بەلاّم سوپای والی بەغدا ئابلّوقەی دان و ئاویان لێبڕین هەرچەندە ئازایانە پارێزگاری خۆیان کرد بەلاّم سوودی نەبوو دوایی زۆریان کوژران و هێندێك دەرباز بوون و عوسمان پاشاو براکانی گیران و هەر لەوێ بە فرمانی والی سەریان بڕان. بەلاّم قوچ بەگی برای عوسمان پاشا خۆی دەرباز کرد و گەیشتە قەلاّی هەولێر و لەوێ خۆی شاردەوە بەلاّم زۆری نەبرد جێگاکەیان دۆزیەوە و قەلاّی هەولێریش ئابلّوقە درا. سلەیمان پاشا داوای کرد لە قوچ بەگ کە خۆی بدات بەدەستەوە بەلاّم قایل نەبوو، ئەوسا ئابلّوقەدانەکە قایمتر کرا هەتا دوایی قەلاّکەیان داگیر کرد و قوچ بەگیش گیرا و ئەویش وەکو براکانی سەری بەبڕین چوو. پاش ئەمانە سلەیمان پاشای والی بەغدا، کە کوردستانی بۆ تەخت بوو بەرەو بەغدا گەڕایەوە، دوای ئەوەی سلەیمان بەگی کوڕی خالد پاشای کرد بە حاکمی بابان و لەقەبی پاشایەتی دایە.

# (( حکومەتی سلەیمان پاشای دووهەمی ))
# "مەشهور بە کوژراو"

سلەیمان پاشا بوو بە حاکمی بابان ، وەکو باسی ئەکەن پیاوێکی لەخوا ترس و خاوەنی خوو ڕەوشتی پاك و جوان بووە. ئاغری و سەنگینی لە ڕادەیەکدا بوو بە لووتبەرز یان "موتەکەبر" ناویان ئەبرد. پاشایەکی بە زەبر و زەنگیش بوو، نەبوو لێی نەترسێ، لەبەر ئەمە ئاسایش لە وولاّتدا جارێکی تر بلاّوو بۆوە. سلەیمان پاشای والی بەغدا بۆ ئەوەی وولاّتی بابان بەرامبەر بە مەترسی ئێران قایم بکات و نفوز و دەسەلاّتی بە هێزتر بکات هات ناوچەی حەریر و کۆیە و ئالّتون کۆپری و زەند ئابادیشی خستە سەر حکومەتی بابان. لە هەمان کاتدا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە باج و خەرجی لێی خۆشبوو بۆ ئەوەی ببوژێتەوە و بەو پارەیە چەك و جبەخانەی پێ پێکبهێنێ و سوپایەکی باش دروست بکات. تەنیا بەو مەرجەی کە حکومەتی بابان بە چەك و سوپا یاریدەدەری حکومەتی بەغدا لە تەنگانەدا بدات ئەم مەرجەش هەر ئەوەیە کە لە کاتی خۆیدا میر سولەیمان لەگەڵ حکومەتی عوسمانی بەستبووی کاتێ حکومەتی بابانی گواستەوە قەلاّچوالان و حکومەتێکی سەربەخۆی پێکهێنا. سلەیمان پاشاش لەسەر ئەم مەرجە قایل بوو بەوجۆرە کەوتە ڕێکخستنی وولاّت و بوژاندنەوەی.

**لەم سەردەمە و کاتەدا، نادرشاه کوژرابوو، ئێران تێکچووبوو، بوو بوو بە بگرە و بەردە، هەرچی هێز و دەسەڵاتی لە خۆیدا شك ئەبرد هاتبووە مەیانەوە و داوای تەخت و تاجی ئێرانی ئەکرد. لەم کاتەدا بوو کە "سەلیم پاشا" ڕایکردبووە ئێران، ئەیویست یارمەتی و کۆمەك لەم و لەو بسێنێ بۆ ئەوەی بدات بەسەر حکومەتی باباندا و حەقی خۆی بسێنێتەوە، بەڵام ئەچوو بۆ لای هەر کەسێك، سەری ئەکرد بە کۆشی هەر گەورە پیاوێکدا بە دەستی خاڵی ئەگەڕایەوە چونکە ئەوانە خۆیان موحتاجی یارمەتی بوون و لە تاو خۆیان ئاگایان لەکەس نەبوو. بەم جۆرە سەلیم پاشا دوو ساڵ بەسەر ئەم و ئەو دا ئەخولایەوە بێئەوەی هیچی چنگ بکەوێت. لە پاش ئەم دوو ساڵە، ڕووی دا، لە پیاوە گەورەکانی کورد "کەریم خانی زەند" و سەرۆکی عەشیرەتی زەند ناوی پەیداکرد و جێی خۆی قایم کرد و ئەسفەهان و هەموو دەورو پشتی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. سەلیم پاشا خۆی گەیاندە کەریم خان، لەوێ زۆر خزمەتی کرد و ئازایەتییەکی زۆری نوان. بەرامبەر بەمە کەریم خانیش هات بە دەنگییەوە و لەشکرێکی دوانزە هەزاری دایە و ناردی یە سەر**

حکومه‌تی بابان [١٣]. ئه‌م له‌شکره زۆر به بێده‌نگی و نهێنی هات، هاته گه‌یشته ناوچه‌ی "مه‌ریوان".

ئه‌م هاتنه زۆر کتوپڕ بوو له‌به‌ر ئه‌وه حکومه‌تی قه‌ڵاچوالان ئاگادار نه‌بوو له‌سه‌ره‌تاوه. به‌ڵام هه‌ر که ئه‌و هێزه گه‌یشته مه‌ریوان سه‌رداری قزڵجه خێرا نامه‌ی ئاگاداریی بۆ قه‌ڵاچوالان نارد. سوله‌یمان پاشا وا ڕاهاتبوو پاش نیوه‌ڕوان ئه‌نوست. وا ڕوویدا له‌و کاته‌دا بوو که ته‌ته‌ر گه‌یشته قه‌ڵاچوالان، سه‌رۆکه‌کانی بابان لێکیان دایه‌وه به‌م ده‌ستوبرده هێزێکی وه‌هایان بۆ کۆ ناکرێته‌وه به‌ره‌نگاری ئه‌م سوپا گه‌وره‌یه‌ی پێبکه‌ن. دواخستنی خۆکۆکردنه‌وه‌ش کارێکی پڕ له مه‌ترسی بوو، که‌سیش زاتی ئه‌وه‌ی نه‌ده‌کرد سوله‌یمان پاشا له خه‌و هه‌ڵسێنێ، دوژمنیش هه‌مووی ده سه‌عات ڕێ له قه‌ڵاچوالانه‌وه دووربوو، ئه‌مانیش به‌ته‌نیا وه به بێ ڕاوێژ و فه‌رمانی پاشا نه‌یان ئه‌توانی هیچ بکه‌ن. ته‌واو شپرزه ئه‌بن، ناچار یه‌کێك له هاو سوحبه‌ته‌کانی پاشا پێئه‌نێ به دڵی خۆیا و ئه‌چێ ئه‌موستی پێی پاشا ئه‌گوشێ، پاشا له خه‌و خه‌به‌ری ئه‌بێته‌وه و پرسیار ئه‌کا، ئه‌ویش تێی ئه‌گه‌یه‌نێ که دوژمن گه‌یشتۆته سنوری قه‌ڵاچوالان و سه‌رۆکه‌کانی بابان

١٣ بێگومان ئه‌م یارمه‌تییه‌ی که‌ریم خان هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه نه‌بوو به‌ڵکو له ڕاستیا چاوی بڕیبووه به‌غدا و وولاّتی بابان و ئه‌یویست ئه‌مانه هه‌مووی بچنه ژێر ده‌سه‌ڵاتی خۆیه‌وه. باشترین په‌رده‌ش ئه‌م نیازه‌ی پێداپۆشیّ ناردنی سه‌لیم پاشا بوو به ناوی یارمه‌تی و سه‌ندنی حه‌قه‌وه. به‌تایبه‌تی بابان بۆ ئێران وه‌کو هاوکار و یارمه‌تیده‌ری ده‌وڵه‌تی عوسمانی وا بوو . (ك)

چاوەڕوانی فرمانن. پاشا لەمە ڕقی هەڵئەسێ و ئەڵێ: هەی بێ غیرەت گەورەکانی بابان ، چاوەڕوانی من ئەکەن؟ وەکو ئافرەت دانیشتوون و ئەیانەوێ من ئاگادارییان بکەم ؟ کابرا کەوا بە ئاسانی لە توڕەیی پاشا ڕزگاری ئەبێت بەدڵخۆشییەوە دێتەوە لای سەرۆکەکانی بابان و ئەمەیان بۆ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ پاشا ئەمەی ووت و نووستەوە ! [١٤].

قارەمانانی بابان لەمە غیرەت ئەیانگرێ. سەلیم بەگی ناسراو بە سەلیم سێ تەنگە کە ئامۆزای پاشا ئەبێ، لەگەڵ محمود بەگ و جوامێر ئاغا و، بریندار ئاغا و ، زلال ئەحمەد ئاغا و، محەمەد بەگی مەرگەیی و، حەمە ڕەش دارۆغا و، ئەکرەمی مەلا هەمزە وە چەند کەسێکی تر کە دوانزە سواریان لێ پێکدێت و بە "دوانزە سوارەی مەریوان" ناوبانگیان دەرکردووە، هەر یەکە بە خزمەتکارێکەوە بەرەو ئۆردوی دوژمن ئەکەونە ڕێ [١٥].

---

١٤ ئەم باسە کە بەم جۆرە گێڕاوەتەوە ڕێی تێئەچێ خەیاڵی زۆر تیا بێت. "دوانزە سوارەی مەریوانی پیرەمێرد" بەم جۆرە ئەم ڕووداوە ناگێڕێتەوە . (ك )

١٥ لێرەدا تەنیا ناوی هەشت لە قارەمانەکانی دوانزە سوارەی مەریوانی داوە . پیرە مێرد ناوی هەموویانی لە دوانزە سوارەکەی مەریوان داوە ، بەلاّم هەتا ئەگەر ناوەکانی ئەویش بژمێرین ئەبینین چواردە، وە نەك دوانزە ناون . مێژووی سولەیمانی ئەمین زەکی بەگ و کتێبەکەی لۆنگریك و مستر ریچیش ئەو ناوانەیان لە دەست نووسەکەی حسین ناظم بەگ وەرگرتوە کە ئەویش تەنیا ناوی هەشتیان ئەبات. "بێگومان نوسراوەکەی پیرەمێرد ڕەنگە لە هەموویان ڕاستر بێت". هەروەها چەند نوسراوێکی مێژوویی ڕووداوی دوانزە سوارەی مەریوان لە زەمانی سولەیمان پاشادا دائانێن بەڵکو ئەیگەڕێننەوە زەمانی "سولەیمان بەبە". واتە سەرەتای دامەزراندنی بنەماڵەی بابان . ( ك)

ئەمانە کە ناوی دوانزە سوارەی مەریوانیان خستە مێژووەوە، ئەو ناوەی شوێنێکی بەرزی لە مێژوودا داگیرکرد و هەتا هەتاشە هەر داگیری ئەکات و مایەی شانازیی میللەتی کوردە. ئەمانە بێ فەرمانی پاشا ویستیان نەك هەر ئازایەتی خۆیان بنوێنن بەڵکو ئەوەشیان ویست کە بە خوێنی خۆیان بوونی وولاٚتەکە و میللەتەکەیان بپارێزن. لەبەر ئەوە ئەم دوانزە قارەمانە وایان ئەزانی کە نەك بەرەو مەرگ، بەڵکو ڕووبەڕووی نەمریی ئەچن. هەر ئەم گیانە بوو وای لێکردن کە هەتا ئێوارەی ئەو ڕۆژە شەست کیلۆمەتر ببڕن و وەختە بگەنە نزیکی ئۆردوگای دوژمن.

پلانی هێرشەکەیان وەها دانابوو کە هەر دەستەیەکیان لە لایەکەوە پەلاماری دوژمن بدەن، بۆ ئەوەی لە هەرچوارلاوە هێرشەکە ببرێت، ئەمەش پاش ئەوەی دوو بەشی شەوو بڕوات. بەمەرجێ لەکاتی هێرش بردنا هەر کەسە لە جێگای خۆی دەنگ بەرز بکاتەوە بەناوی خواوە، وە خزمەتکارەکانیشیان لە جێگای خۆیان لە تەپڵ لێدان نەوەستن ئەمە بۆ ئەوەی دوژمن وا بزانێت کە لە هەموو لایەکەوە پەلاماری دراوە بە سوپایەکی گەورە.

لە کات و ساتی خۆیدا لە هەر چوارلاوە پەلاماری دوژمنیان دا، بەجۆرێك کەوتنە کوشتن و بڕین لەوە ئەچوو سوپایەکی بێشومار پەلاماری دابن. سوپای ئێران کە لە خەوی پاش نیوەشەوی شیرینا

بوو، تەواو شپرزە بووبوو شیرازەی دەرچوو، سەلیم پاشا کە دەنگی سوارەی بابانی ئەناسییەوە دڵنیابوو لەوەی کە شەبەیخونیان لێکراوە، بەڵام دەسەڵاتی نەمابوو، کار بە جۆرێ لە کار ترازابوو لەوەدا نەمابوو کەس بە قسەی سەلیم پاشا بکات و خۆیان کۆ بکەنەوە. ناچار ئەویش کەوتە تەقەللای خۆڕزگارکردن. کە دنیا ڕووناکبۆوە سوپای سەلیم پاشا قەڵاچۆ کرابوو وە زۆریان لێکوژرابوو ئەوی تریش پرش و بڵاوبوبۆوە، چەك و جبەخانەیەکی زۆریش بێخاوەن لەو ناوەدا کەوتبوو. لە قارەمانانی بابانیش لە "دوانزە سوارەی مەریوانیش" نۆیان کوژران. کە سەلیم بەگ و ئەکرەمی مەلا هەمزە و جەوامێر ئاغای زەنگەنە و ئەحمەد ئاغا و زوڵاڵ ئاغا و محەمەد بەگی مەرگە و لەگەڵ سیانی تریان. بەڵام سیانەکەی تریان ئەوە بریندار بوون. بەم کردەوەیەشیان جوانترین و ئازاترین وێنەی خۆبەختکردنیان بۆ میللەتی کورد بەجێهێشت.

سولەیمان پاشاش، لە قەڵاچوالان، کە عەسر خەبەری ئەبێتەوە ئەوسا لە دەنگوباس ئەپرسێ و نامەکەی سەرداری قزڵجە ئەخوێنێتەوە. بێگومان باسی دوانزە سوارەی بۆ ئەکەن، بڕوا ناکات کە ئەم دەستە سوارە هیچیان پێ بکرێت. لەبەر ئەوە خێرا فەرمان ئەدا کە چی لە توانایدایە کۆبکرێتەوە. خۆی لەگەڵ ئەو هێزە ئەڕوات و فەرمانیش

ئەدات کە پەیتا پەیتا یارمەتی بەدوادا بنێرن. کە ئەگاتە قزڵجە لەوێ ئاگاداری ئەکەن کە چۆن ئەو دوانزە قارەمانە سوپای ئێرانی دوانزە هەزارییان شکان. ئەوەندەی بە شانازییەوە ئەو خەبەرە وەرئەگرێت هێندەش بۆ کوشتنیان دڵتەنگ ئەبێت. هەرچی ئازوخەی بەجێماو، وە جبەخانە و چەك هەیە کۆی ئەکاتەوە لەگەڵ لاشەی قارەمانەکان بەرەو قەڵاچوالان ئەگەڕێنەوە. ئەم قارەمانانە بەو ئازایەتییەیان کە جۆرە موعجیزەیەك بوو قارەمانێتی بابانیان بۆ دۆست و دوژمن دەرخست و زەخیرەیەکی نەمرییان لە وێنەی ئازایەتیی و خۆبەختکردن بۆ میللەتەکەیان بەجێ هێشت.

هەواڵنامەی کتێب

## به پێی نووسراوه‌كه‌ی " پیره‌مێرد " ی شاعیر

## " دوانزه سواره‌ی مه‌ریوان " بریتیین لـه م ناوانه * :

١. سه‌لیم به‌گ (ناسراو به سه‌لیم سێ ته‌نگه)
٢. سواراغای بلْباس
٣. مامه‌ند ئاغای میراوده‌لی
٤. جوامێرئاغای ڕه‌نگینه
٥. زولاڵ ئه‌حمه‌د ئاغای مه‌رگه‌یی
٦. ئه‌كره‌می مه‌لا هه‌مزه
٧. فه‌رامه‌رزی زه‌نگنه
٨. مه‌حمود به‌گی قه‌دیمی باش چاوه‌ش
٩. زه‌ینه‌ڵ به‌گی مه‌سره‌ف
١٠. داراغای میره‌دێ
١١. شاپورئاغای به‌ختیاری
١٢. میران به‌گی وه‌ڵه‌د به‌گی
١٣. ئاغاڵ ئاغای سیوه‌یلی
١٤. چه‌له‌بی قه‌دیمی هه‌مه‌وه‌ند

---

* واته به‌پێی نووسراوه‌كه‌ی پیره‌مێردی شاعیر ١٤ سوارچاك بوون نه‌ك ١٢

مه‌ریوان قه‌فتان

# میرە یەکلەدوا یەکەکانی میرنشینی بابان *

لەم دەستنووسەی " تۆفیق قەفتان " تەنها باس لە حوکمداریی ٩ میری بابان کراوە، کە هەندێکیان یەکناگرنەوە لە گەڵ ناو و مێژووی دەسەڵاتی میرەکانی بابان لە سەرچاوەکانی تردا.

| | | |
|---|---|---|
| ١ | فەقێ ئەحمەدی دارشمانە | ١٦١٠ - ١٦٦٠ |
| ٢ | خان بوداخ بەگ | ١٦٦٠ - ١٦٦٤ |
| ٣ | میر سلێمان بەبە " بابا سلێمان " | ١٦٦٤ - ١٦٩٨ |
| ٤ | تەیموور خان بەگ | ١٦٩٨ - ١٧٠٣ |
| ٥ | میر بەکر بەگ | ١٧٠٣ - ١٧١٤ |
| ٦ | خانە محەمەد پاشا | ١٧١٩ - ١٧٢٩ |
| ٧ | خالد پاشای یەکەم | ١٧٢٣ - ١٧٤٣ |
| ٨ | سەلیم پاشا | ١٧٤٣ - ١٧٥١ |
| ٩ | سلێمان پاشای کوژراو | ١٧٤٧ - ١٧٦٥ |
| ١٠ | محەمەد پاشا | ١٧٦٥ - ١٧٧٨ |
| ١١ | ئەحمەد پاشای یەکەم | ١٧٦٢ - ١٧٧٨ |
| ١٢ | مەحمود پاشای یەکەم | ١٧٧٨ - ١٧٨٢ |

هەوڵنامەی کتێب

* لە کتێبی میرنشینی بابان لە ماوەی دەسەڵاتی ١٢میردا / نووسینی عومەر ئیسماعیل مارف.

مەریوان قەفتان

# میره یەکلەدوا یەکەکانی میرنشینی بابان *

| | | |
|---|---|---|
| ١ | فەقێ ئەحمەدی دارشمانه | ١٦٤٩ - ١٦٧٠ |
| ٢ | بابا سلێمان | ١٦٧٠ - ١٧٠٣ |
| ٣ | خانه محەمەد پاشا | ١٧٢١ - ١٧٣١ |
| ٤ | خالد پاشا | ١٧٣٢ - ١٧٤٢ |
| ٥ | سەلیم پاشا | ١٧٤٢ - ١٧٥٤ |
| ٦ | سلێمان پاشا | ١٧٥٤ - ١٧٦٥ |
| ٧ | محەمەد پاشا | ١٧٦٥ - ١٧٧٥ |
| ٨ | عەبدوڵلا پاشا | ١٧٧٥ - ١٧٧٧ |
| ٩ | ئەحمەد پاشا | ١٧٧٧ - ١٧٨٠ |
| ١٠ | مەحمود پاشا | ١٧٨٠ - ١٧٨٢ |
| ١١ | ئیبراهیم پاشا | ١٧٨٢ - ١٨٠٣ |
| ١٢ | عەبدولرەحمان پاشا | ١٨٠٣ - ١٨١٣ |
| ١٣ | مەحمود پاشا | ١٨١٣ - ١٨٣٤ |
| ١٤ | سلێمان پاشای دووەم | ١٨٣٤ - ١٨٣٨ |
| ١٥ | ئەحمەد پاشا | ١٨٣٨ - ١٨٤٧ |
| ١٦ | عەبدوڵلا پاشا | ١٨٤٧ - ١٨٥٠ |

هەواڵنامەی کتێب

* لە نووسراوی وەرگێڕاوی کتێبەکەی "تۆفیق قەفتان" بۆ عەرەبی / پارێزەر شەعبان مزیری

مەریوان قەفتان

# لە کتێبی "شەرەفنامە" ی میر شەرەفخانی بەدلیسی

تەنها ئەم ناوانەی میرنشینی بابان نووسراوە :

١. میر بداغ کوڕی ئەبداڵ بەگ

٢. میر نەزەر کوڕی بەیرام

٣. میر سولەیمان

٤. میر برایم

٥. بداغ کوڕی حاجی شێخ

٦. میر حوسێن کوڕی سولەیمان

شەرەفخان هەندێك جار "میر" بەکاردەهێنێت و هەندێك جاری تریش "پیر" بەکاردەهێنێت بۆ میرەکانی بابان.

"میر سولەیمان" و "میر برایم" پێکەوە حوکمڕانیان کردووە بەڵام دواجار نێوانیان تێکدەچێت و میر سولەیمان میر برایمی برای دەکوژێت تەواوی خاکی " بەبە " دەخاتە ژێردەستی خۆی.

میر شەرەفخانی بەدلیسی لەو کاتەدا تەنها ئاگاداری ناو و ژیان و نەمانی ئەم میرانەی "بەبە" بووە.

**تێ بینین :**

لێرەدا دەستنووسەکە تەواو ئەبێت بێئەوەی باسەکە تەواو بکات و بیگەیەنێتە سەردەمی دروستکردنی شاری سولەیمانی کە لە زەمانی ئیبراهیم پاشادا ساڵی **١١٩٩ھ - ١٧٨٤ز** دروستکرا. وە لەم ماوەیەدا واتە لەو ساتەوە سەلیم پاشا سوپاکەی شکا، هەتا هاتنی ئیبراهیم پاشا بۆ سەر تەختی بابان لە قەڵاچوالان، وولاٚتی بابان ڕووداوی زۆر دی، دووبەرەکیی و شەڕی ناوخۆیی لەسەر شانۆکەیدا بە تیژی گەڕا چەند پاشا و حاکمێکی تر هاتنە سەر تەختەکەی. باشترین نووسراو کە ئەم سەردەمە ڕوونئەکاتەوە کتێبەکەی " ئەمین زەکی بەگە " ، ( مێژووی شاری سولەیمانی ).

**د. کاوس قەفتان**

# تـأريـخ

# حكام بـابـان

## من قەلاجوالان

## الى بناء السليمانية

١٦٦٩ - ١٧٨٤ ميلادية

١٠٨٠ - ١١٩٩ هجرية


توفيق قفطان

ترجمة : المحامي شعبان مزيري



مشروع قەفتـان

الطبعة الثانية

باللغة الكوردية و العربية

# الفهرس


عن هذه المخطوطة دكتور كاوس قفطان ........ ٩٥

١ القسم الأول ........ ٩٧

١,١ أسرة بابان "كاكه شيخ" و "كاكه مير" ........ ٩٧

٢,١ فقي احمد دارشمانه ........ ٩٨

٣,١ عهد خان بداغ ابن فقي احمد ........ ٩٩

٢ القسم الثاني ........ ١٠١

١,٢ حكومة الامير سليمان بن خان بداغ ........ ١٠١

٣ القسم الثالث ........ ١٠٨

١,٣ حكومة تيمور خان ........ ١٠٨

٢,٣ حكومة بكر بك ........ ١٠٩

٣,٣ زمن الوصايا / ام : "المستلم" ........ ١١٠

٤,٣ حكومة خانه بك ........ ١١١

٤ القسم الرابع ........ ١١٥

١,٤ حكومة خالد باشا ........ ١١٩

٥ القسم الخامس ........ ١٢٢

١,٥ حكومة سليم باشا ........ ١٢٦

٢,٥ حكومة سليمان باشا الثاني المشهور بـ (المقتول) ........ ١٢٨

٦ الهوامش ........ ١٣٢

٧ قائمة حكام أمارة بابان ........ ١٣٤

## (( عن هذه المخطوطة ))

ان تاريخ الكورد كالبحر، مهما أخذت منه لاينتهي، وما يؤخذ منه الا قطرات، لذا ومهما كتب عن تاريخ شعبنا الكوردي فهو قليل، ويمكن القول بالرأي الثابت ان تدوين تاريخنا الجديد اولى وانفع، كما ويجب ان لا ننسى ان تاريخنا الجديد ينبع من مصادر تاريخنا القديم ومأخوذ من ابناء واجيال ذلك الوقت.

ومن هذا المنطلق الواجب علينا ان نعلم كيف ننظر الى تاريخنا، والتاريخ القديم ايضا، فان هذه المسودة التي بين ايديكم صورة لجزء من تاريخنا القديم الذي هو موضع فخرنا واعتزازنا به، ومهما يقال عن تاريخ اسرة بابان وان كان مقتصرة عن المناوشات والمعارك الداخلية الا انها صورة للاحساس والشعور الوطني والقومي الذي كان دفعاً لامراء بابان التوجه والسعي لتنظيم اتحاد كوردستان وبجميع اجزائها وجعلها تحت سيطرتهم الا ان الاطماع الداخلية والسلوكية الفردية للأسرة البابانية كانت السبب الاول للأخفاق و دون تحقيق تلك الامال والطموحات،بل كانت هناك اسباب اخرى اقوى من ذلك وهي الاساس جراء التحركات الايرانية والعثمانية حالت دون قيام هذا التنظيم الاتحادي بين كافة اجزاء كوردستان لأن في تحقيقها تعني مسح الوجود للدولتين في المنطقة على الساحة الكوردستانية، ولو كان لهذا التنظيم نجاحاً لكانت تلك الامال والطموحات اخذت مكانها في تاريخ الكورد ومنذ ذلك العهد وتبزغ عنه صورة اخرى، بل وحتى مابعده.

وان هذه المسودة التي بين ايدينا كتبت منذ مدة طويلة ما بين (١٩٣٠ ـ ١٩٤٠م) وتمكنا وبعد الاتكال على الله ان نضعها بين ايديكم والله اعلم كم من المسودات الاخرى لم تر النور (اتلفت) او (ضاعت)،ولكن مع الاسف لا اعرف اسم الكتاب . وكما اعلم ان هذه المسودة كتبها عمي او ترجمها عن الفارسية الى اللغة الكوردية، وان اكثر الراي انه ترجمها عن الفارسية وعند مقارنتي لها ومسودات اخرى والمصادر التي استفاد منها(أمين زكي بك) من

مسودات "حسين ناظم" في كتابته عن اسرة بابان، وحتى تاسيس(مدينة السليمانية) يمكننا القول انهما متشابهان بسبب ذلك الوقوف الفجائي بعد (معركة الفرسان الاثنا عشر المريواني). ومنذ ذلك الوقت والفرق بينهما اكثر من(٢٥)عاما، وفي هذه الفترة حدثت احداثا كبيرة على ساحة ومسرحية بابان، ويمكن الاشارة الى سبب او اسباب لذلك التوقف فانه يعود الى عدم امكانية الكاتب الاستمرار والكتابة باسرها، ولاشك في تثمينها لهذه المسودة ليس لانها قديمة، بل لانها تحتوي على مواضيع واخبار تاريخية هامة اخرى وهامة عند المؤرخين، ومنها تلك الرسائل المتبادلة بين "نادر شاه" و"الشيخ حسن كله زه رده". وهناك اهمية اخرى ايضا تعطينا صوراً جديدة للأحاديث والاقوال التي قيلت عن الحياة والاحساس الديني والدنيوي وسلوكية كبار بابان ويمكن الاستفادة منها مستقبلا حول الحياة واحداث ذلك العهد لتوضيح ما كانت تجول في خواطر ونفوس الذين كانوا ينقلون الاحداث.

وهذه المسودة كتبت على نحو الكتابة الكوردية القديمة التي كان المثقفون الكورد عليها في الكتابة (الملالي، ورجال الدين انذاك) وحتى اعتقدت ان نشرها وبهذه الصيغة والصورة سوف تحدث بعض الصعوبة امام القارئ مما اضطررت الى الاخذ باصل الحديث وحسب الامكان ان نبدا ثانية بكتابتها، ولكن في عملي هذا هل جئت على عمل جيد ام لا !؟ لذا حرصت على الابقاء على كتابة ذلك العهد لتبقى للمستقبل ووضعت صورة وزنكرافية لها في الكتاب، وفي الختام املي هو ان تكون هذه الصفحات موضع استفادة يؤخذ منها وتنفع شعبنا وان يأخذ تاريخنا موقفاً له في المكتبات التاريخية الكوردية، وكما نعرف نحن، كم هذه المكتبات فقيرة.

دكتور كاوس قفطان

بغداد ١٩٦٩

# القسم الأول

# أسرة بـابـان

لأسرة بابان تاريخ قديم، يصل الى بدايات القرن الخامس عشر للهجرة وحتى هذا القرن بقيت سيطرة اسرة بابان واضحة، ولكن وبعد هذا العهد بدات بالاختفاء[١] قبل عهد "كاكه شيخ " السيء الحظ، هذا الذي ذهب ضحية جهلة، والاحداث بينه وبين اخيه "كاكه مير" الذي كان تحت سيطرته، وفي بداية العهد انقسمت منطقتهم الى قسمين"منطقة بشده ر" كانت تحت سيطرة(كاكه مير) الثانية(مه ركه) تحت سيطرة(كاكه شيخ) الا أن كاكه مير لم يرض وكان ينظر بعين الطمع الى حق اخيه. و يتحين الفرص للهجوم على اخيه للقضاء على"كاكه الشيخ" ولتحقيق اطماعه، جمع قوة من الشباب وفي ظلام الليل هجم على اخيه (كاكه الشيخ) وتمكن منه ومن عائلته باستثناء زوجة اخيه وولدها الرضيع على صدرها(احمد) نجيا من القتل هربت به ووصلت الى قرية (خدران) لاجئة مع ابنها الرضيع الى مختار القرية، حيث كان لـ(كاكه الشيخ) فضل عليه فاحسن معاملتها وقدم لها ولابنها كل المساعدات حتى بلغ ولدها (احمد) الثامنة من عمره وادخل المدرسة وتعلم القراءة والكتابة، ولموهبته في الشؤون الدينية لقلب بلقب (فقي)[٢] واصبح (فقي احمد) كان مشتاقا للأخذ الثار لأبيه من عمه ولما بلغ مبلغ الرجولة توجه الى تحقيق حلمه لأخذ الثار،جمع حوله جماعة مخلصة من الشباب وكون منهم قوة وفي ليلة لم يكن عمه يعلم ماذا سيحصل له اغار عليه وشتت شمله ولم يكن هناك من يدافع عنه لكثرة ظلمه على الرعية، هرب وسكن ايران منطقة (سقز، وسابلاخ)، ففي مدينة سقز كانت عشيرة (فيض الله بك) وفي منطقة (سابلاخ) عشيرة (شيخ علي) من الموالين لـ(كاكه شيخ) وتمكن(فقي احمد) ومن نظرته الدينية اشاعة العدل والانصاف بين الرعية وتامين الامن والاستقرار وكسب المواطنين، حتى لقبوه بلقب(فقي) وعرف بعد ذلك باسمه (فقي احمد) وسكن (دارشمان) واستقر فيها وسمي بـ(فقي احمد دارشمان).

## " فقي احمد دارشمانه "

حسب قول المؤرخين ان(فقي احمد) هو المؤسس للأسرة البابانية، ولهذا(الفقي) قصة في المنطقة يتناولونها المواطنون دائما وهي في الوقت الذي نشبت الحرب بين الدولة العثمانية والروس، ولما كانت الديانة الاسلامية هي الدين الخالص لهذه العشيرة اذاَ لابد لـ(فقي احمد) ان يناصر الدولة العثمانية ضد الروس... فأصبحت منطقته وقوته قوة للدولة العثمانية وان القصة وكما يروونها انه كان هناك فارس يصول ويجول بوحده مؤثرا مقاتلاً ينازل الشجعان من الدولة العثمانية، وفي الاخير كان يصرع الفارس العثماني وعندما جاء دور(فقي احمد) لمقابلته تمكن(فقي احمد) من الفارس واراد قتله الا ان الفارس لم يكن رجلا بل وكما رأها(فقي احمد) انها كانت امراة جميلة وجريئة لم يقتلها، بل اخذها معه الى خيمته وتزوجها ورضيت به لشجاعته ورجولته... وحملها معه وعاد الى حيث مسكنه وسكناه وان هذه المرأة اشتهرت في التاريخ باسم (كه يغاني روسيا ) [٣] (بطلة روسيا). ولما سمعت الدولة العثمانية ببطولة(فقي احمد) ومواقفه البطولية وبخاصة مع ذلك الفارس(الفارسة الروسية) اصدرت الدولة امراَ أهدته منطقة(بشدر) رسمياَ وبعد عودته(فقي احمد) ونتيجة حبه الشديد لموطنه، وتجمع المواطنين حوله لعدالته ورجولته بدات منطقته بالتوسع نحو الانتعاش الى جانب توسيع حدود منطقته وحتى في القسم الايراني بدأت حدوده تتوسع في مناطق (كه ورك، منكور،مامش، وجاخ،) ومن الجهة الاخرى منطقة (بيتوين) وحتى قرب مدينة (كويسنجق) وجعلها تحت سيطرته، ولم يكن يوماَ قاسياَ او ظالماَ او بائعاَ للنفس، ومن المعروف ان العدالة الاجتماعية المسندة من المسؤولين تجعل من المواطنين ان يعيشوا حياة سعادة وامان، بدلاَ من العيش تحت رحمة النار، وبالنسبة لـ(فقي احمد) وان كان تعليمه محدوداَ فقط حصل على القراءة والكتابة الا انه لم يكن على علم في السياسة، الا انه من الناحية الاخرى في تدبير الامور الداخلية لامارته السياسية كان ماهراَ ومتفوقاَ وعالماَ من الناحية الادارية...الا انه لم يدم في حكمه طويلاَ وبعده بقيت الولاية لأبنه (خان بداغي).

## عهد (خان بداغ) ابن (فقي احمد)

بعد وفاة (فقي احمد) تسلم ابنه (خان بداغ) ادارة البلاد ومثلما يقول المؤرخون وقالوها وكتبوها عن ((خان بداغ)) انه كان شبيه ابيه في ادارة البلاد (الامارة) عادلاً مساوياً بين الناس شجاعاً وعلماً، اكثر من ابيه، وكان عمره انذاك عشرين عاماً عندما استلم امور الامارة وادارة شؤون المواطنين عمد الى توسيع العدالة في الادارة وخدمة المواطنين منطلقاً من المفاهيم الصحيحة لتقدم المجتمع من خلال تقديم الخدمات اليه لذا فانه اتبع خطوات ابيه وسلوكيته التي اتبعها في خدمة المواطنين نحو التقدم وبعكس ذلك ستكون سبباً لدفع المواطنين الى المأسي فيما اذاً قام المسؤولون بالتوجه لمصالحهم الخاصة والابتعاد عن المصلحة العامة، كما واتخذ من القانون ارادة وادارة للعدالة ومن هذه الخلق الحميدة والسلوكية العالية توجهت العشائر الكوردية وبصدق لبيعته، ومن هذه العشائر(اكو، بلباس، آلآن، وماوه ت)، ومن هذه الحاضرة للبيعة بدات حدود الامارة تتوسع نفوذاً ومعنوية. كانت منطقة (ماوەت) انذاك تابعة لمدينة (بانه) وكان يحكمها رجل يسمى بـ(خان اسماعيل سلطان) كان رجلاً قاسياً جداً ودموياً، وان ابنه اسكندر كان اكثر من ابيه قساوة وكان حاكماً لمنطقة (ماوه ت)، ومات هناك ودفن فيها ومن المصادفة وما يلفت النظر ان(حسين ناظم افندي) عندما كان يتجول في تلك المنطقة قرأ كتابة على قبر ابن اسكندر، وان تلك الكتابة دفعته للبحث حتى وصل الى وثيقة تاريخية يرجع تاريخها الى القرن الحادي عشر للهجرة، ودونت في تلك الوثيقة احداث مهمة وعجيبة تاريخية ومكتوبة باللغة الفارسية وتعنى باللغة الكوردية[٤]. ان مولانا عبد الله بن عمر بسيفه نشر الدين الاسلامي في هذه المنطقة وفي الوقت ذاته كانت تلك المنطقة (دەشتەتال) تحت

سيطرة (قهقون) كان احد الكفرة، وفي هذه المنطقة (ده شته تال) التي تقع شمال شرقي السليمانية وحدود قضاء(شاربازير) والان تقع على الحدود الايرانية وتابع لمدينة (بانه) بان مولانا عبد الله بن عمر قتل هذاالـ(قهقون) وان ابن (قهقون) اسلم ونصب بدلاً من ابيه حاكماً عليها. لانه ساند وساعد المسلمين والاسلام والمجاهدين المسلمين واسموه باسم(خيار الدين) وبقيت لأبنائه والى عهد (خان اسماعيل سلطان) ومثلما ذكرت في تلك الوثيقة ثبتت لهم حاكميتهم. ففي عهد(خان اسماعيل سلطان) امر هذا الخان بتعيين ابنه(اسكندر) حاكماً على(ماوه ت) وبقي هناك حتى اعتلاء (خان بداغ بن فقي احمد داره شمانه) بعد وفاة والده عرش الامارة وتمكن من ضم (ماوەت) الى ولايته (سيطرته).كان(خان بداغ) يتخذ شتاءَ(دارەشمانه) مقراً له،اما من فصلي الصيف والربيع يتخذ من(ماوه ت) مقراً له، وكان محباً للطبيعة،(وحب الاستجمام)، وتقع(داره شمانه) شرق(قلعة دزه) وهناك موقع يعرف وحتى الان باسم(خان بداغ) وان كان مثل هذا التحول شتاءَ وصيفاً للسكن وكما يظهر للأستجمام وحب الطبيعة الا انه كان يقصد ما عليها المواطنون في حياتهم المعيشية والاجتماعية على طول حدود الولاية لتقديم الخدمات اليهم ليعيشوا بسعادة، ومنها تمكن ان يستميل كل المواطنين اليه من خلال كسب حبهم له. ولكن بقصد تثبيت نفوذه وتوسيعه اكثر اتخذ من (ماوەت) عاصمة له وضم اليها منطقة (سیتەك) ومناطق اخرى الى ولايته عام(١٠٧٥) للهجرة وكانت طموحاته ان يوسع رقعة ولايته من خلال ضم بعض المناطق الاخرى اليها، الا انه لم يدم الحكم اليه، وتوفي وترك الولاية لأبنه الامير " سليمان " [٥]

# القسم الثاني

## حكومة الامير سليمان بن خان بداغ

